زەمزەم چارەسەرە

فيه آيات بينات



منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئامادەکردنی
دارا رشید محمد

همسات زوجية

ناوی کتێب	: زەمزەم چارەسەرە
ئامادەکردنی	: دارا رشید محمد
چاپ و بڵاوکردنەوەی	: کتێبخانەی سارا
تایپ	: یاسین نجم الدین رحیم
دیزاین	: سامالْ تەیب ڕەزا
بەرگ	: محمد عبدالله
نۆرەی چاپ	: یەکەم .
شوێنی چاپ	: چوارچرا
ساڵ	: ٢٠٠٩
تیراژ	: ١٠٠٠دانە
ژمارەی سپاردن	: ٢٦١٩

فِيهِ
آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ

پێشکەش

- پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی کە بە دوای ڕاستیە نهێنیەکانی ئەم بونەدا دەگەڕێن بۆ وەرگرتن و کار پێکردن نەك بۆ زانین و پشت گوێخستن .

پێشەکی

سەرەتای ئەم نوسینەم بەوە دەستی پێ کرد کاتێ کە بابەتێکم دەخوێندەوە لەبارەی شەو ڕەوی و بەرزبونەوە (الاسراء و المعراج) تا گەیشتمە ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت (بيت المأمور)م بینی شوێنێکە وەك كەعبە مەلائیکەتەکان تەوافی بە دەوردا دەکەن هەروەك چۆن مسوڵمانان تەواف دەکەن بە دەوری (بيت) دا دیم حەزرەتی ئیبراهیم پاڵی داوە پێیەوە، ئەگەر بێت و (بيت المأمور) بکەوێتە خوارەوە دەکەوێت بەسەر کەعبەدا، ئەم باسە بوو بە خولیام و بە دوادا چونێکم بۆ کرد بۆم دەرکەوت کە کەعبەو دەوروبەری تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە .

کاتێ گەشتم بە خزمەتی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: (فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ) واتە :لەو ماڵەدا (کەعبە) نیشانەو بەڵگەی زۆرو ئاشکرا هەیە.

لێرەوە دڵنیا بووم یەکێك لەو نیشانانەی کە خوای گەورە ئاماژەی پێ کردووە لەم ئایەتەدا ئاوی زەمزەمە کە هۆی ئاوەدان بونەوەو بەشار بون و بنیات نانەوەی کەعبەیە لە مەککەی پیرۆزدا لە لایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوە. بۆیە لە سەر بابەتی زەمزەم هەڵوێستەیەکم کردو زۆرم خوێندەوەو بیرم کردەوە و پرسیم و تاقیم کردەوە تا دڵنیابوم لەوەی کە ئاوێکی ئاسایی نیەو پیرۆزە.

پاشان چاوێکیشم بە کتێبخانەی کوردیدا گێڕا و زانیم کە بە کوردی هیچی لەسەر نەنوسراوە لە گەڵ ئەوەشدا کە باسێکی یەکجار گرنگ و پێویستە بۆ هەموو مسوڵمانێك ، چونکە کەم مسوڵمان هەیە بە دوای زەمزەمدا نەگەڕابێت و نەیخواردبێتەوە .

هەر لێرەوە بڕیاری ئەوەمدا کە شتێکی لەسەر بنوسم، بەو ئومێدەی ببێت بە مایەیەی خێر بۆ من و بۆ خەڵکیش .

دارا رشید

٢٢/ ٣/ ٢٠٠٩ سلێمانی

بەشی یەکەم

مێژووی زەمزەم

﴿کۆچ لەبەر خوا﴾

بەهۆی ئەو کێشەو ئاستەنگ و ناڕەحەتی و ئەشکەنجانەی کە هۆزەکەی پێی هەڵدەستان دژ بە حەزرەتی ئیبراهیم "علیه السلام" تا کار گەیشتە ئەوەی ئاگرێکی یەکجار گەورەی بۆ بکەنەوەو فرێی بدەنە ناوی لە شوێنێکی گشتیدا و بە ئامادەیی خودی پاشاو جەماوەرێکی زۆر خوای گەورە بە موعجیزەیەك ڕزگاری دەکات و ئاگری بۆ سارد دەکاتەوە خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: (ئێمەش فەرمانمان دەرکردو وتمان ئەی ئاگر ساردو سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم) هەرچەندە ئاگر سوتێنەرە بەڵام بە فەرمانی خوا توانای سوتاندنی نەماو ئەگەر پەروەردگار فەرمانی بە سەلامەتی نەدایە حەزرەتی ئیبراهیم لە ناو ئاگرەکەدا سەرمای دەبوو.[1]

دوای ئەم هەموو ناڕەحەتیە کە بەسەریدا هات لە لایەن میللەتەکەیەوە خوا فەرمانی پێدەکات بە کۆچ .ئەویش وڵات بەجێ دێڵێ و ڕودەکاتە وڵاتی فەڵەستین و لەوێ جێگیر دەبێت، لە وڵاتی غەریبی و لە دووری وڵات و کەس و کار ڕودەکاتە خوای گەورەو دەفەرموێت: پەروەردگارا نەوەیەکی چاك و پاکم پێ ببەخشە خوای گەورەش وەڵامی دایەوەو دەفەرموێت: (ئێمەش مژدەی کوڕێکی بە ئارام و خۆگرو ژیرمان پێ بەخشی کە "ئیسماعیل"ە[2]

پاش ئەوەی هاجەرە ی خێزانی ئیبراهیم پێغەمبەر"علیه السلام" منداڵێکی بوو بە ناوی (إسماعیل) لە وڵاتی فەلەستین ، خوا فەرمانی کرد بە ئیبراهیم ﷺ منداڵە شیرەخۆرەکەی ودایکی هەڵگرێ و بیان

---

[1] تەفسیری ئاسان

[2] (تەفسیری ئاسان سورەتی الصافات - ایە ۹۹)

بات بۆ حیجاز (سعودیە) . لەویٚ لە دۆلٚێکی وشك و برین و بیٚ ئاودا دایان بنێت . بۆمە بەستێك کە خوا دەیزانی و دەیویست .

ئیبراهیم (علیە سلام) ملکەچی فەرمانی خوایە ، پەیوەستە پێیانەوە و سەرپێچیان ناکات ، ئەو خۆی سپاردووە بە خوا .

بردنی هاجەرە و ئیسماعیل بۆ ئەو چۆلٚ و بیابانە لە لایەن ئیبراهیم(علیە سلام) وە لەسەر داوای سارای خێزانی نەبووە وەك هەندێك لە مێژوو نوسان دەلٚێن بەلٚکو بە فەرمانی خوا بووە .

د.صلاح خالیدی دەلٚیٚ: حەزرەتی ئیبراهیم ئیسماعیل و هاجەرەی خێزانی بە فەرمانی خوا بردووە بۆ مەککە نەك لەسەر داوای سارەی خێزانی وەك هەندێك لە مێژوو نوسان دەلٚێن سارە بەهۆی ئیرەیی و حەسودیەوە کە بە هاجەرەی بردووە کە تا دوێنیٚ کارەکەری خۆیی و مێردەکەی بووە ئەمڕۆ بووە بە خاوەن منالٚ و خۆشەویست بووە لای حەزرەتی ئیبراهیم و بووە بە خاوەن مالٚ ، بنەمایەکی ڕاست و دروستی نیە و (أسرایلیات)ە[٣]

ئیبراهیم ڕوو ئەکاتە حیجاز بە هاجەرە و ئیسماعیل ی کوڕە شیرە خۆرەکەیەوە.

لەویٚ لە دۆلٚێکی ڕوتەلٚەو بیٚ شینایی و بیٚ ئاوو چۆلٚ و هۆلٚدا لەسەرو (کەعبەوە)و لە شوێنی ئاوی زەمزەم و لە پەنای دارێکی گەورەدا داینان . ئەوکاتە نە کەسی لێبوو نە ئاو ، کونەیەك ئاوو تورەکەیەك خورمای بۆ دانان و پشتی لیٚ هەلٚکردن وبەجێیهێشتن و گەڕایەوە بەهەلٚە داوان .

---

[٣] البدایة و النهایة ، قصص الانبیاء ابن کثیر
(قصص القرانی الدکتور صلاح الخالدی – الجزء الاول)

هاجەرە شوێنی کەوت و پێی ووت ئەی ئیبراهیم بۆ کوێ دەچی؟ بۆ لەم دۆڵە چۆڵە بێ ئاوەدانیە بەجێمان دێڵی؟

چەند جارێك ئەمەی پێ ووت بەڵام ئیبراهیم لای نەکردەوە بە لایدا !

هاجەرە ووتی: خوا فەرمانی پێ کردووی ؟

ووتی : بەڵێ .

هاجەرە ووتی :کەواتە خوا تیامان نابات !!

پاشان هاجەرە گەڕایەوە . ئیبراهیم ڕۆیشت تا گەیشتە لای (الثنية)[4] و ئەوانی لێ دیار نەما ، ڕووی کردە بەیت و هەردوودەستی بەرز کردەوە بۆ نزاو وتی ((ئەی پەروەردگارمان ! بێگومان من یەکێ لە منداڵەکانم (ئیسماعیل) ی کوڕم داناو جێم هێشت لە شیو و دۆڵێکی ووشك و بێ دەرامەت لای ماڵە پیرۆزەکەی خۆت لە مەککەدا ئەی پەروەردگاری ئێمە ! بۆ ئەوەی لەوێ بە ڕێك و پێکی نوێژەکانیان بکەن و بێتاقەت نەبن دەسا تۆش دڵی خەڵکێك ڕابکێشە بۆ لایان ، تا بەدڵ خۆ شیان بوێن و لەو دۆڵ و شیوەدا میوەهات و ڕزق و ڕۆزیان بدەرێ تا بەڵکو بە باشی خوا پەرستی و سوپاس گوزاری تۆ بکەن))[5]

دایکی ئیسماعیل شیری دەدا بە ئیسماعیل و لە ئاوی کونەکەی دەخواردەوە . هەتا ئاوی تیا نەماو تینوێتی زۆری بۆ خۆی و کوڕەکەی هێنا ، بەبەرچاویەوە جگەر گۆشەکەی دەتلایەوە لە تینوان

پاشان ئارامی لێ بڕا نەیتوانی سەیری کۆرپەکەی بکات بەو جۆرە . ئاگری جگەر هەڵی گرت و دڵی هەڵقرچا شاخێك نزیك بوو لێیەوە

[4] الثنية : شوێنێکە لە دەروازەی مەککەدا.

[5] الکامل فی التاریخ

کەناوی صەفایە بە شەقەتاو هەڵگەڕا پیایدا وچوەسەرەوە هەڵویستەیەکی کردوو بەهەر چوار لادا ڕوانی تا بزانیٚ کەسیٚك ئاوەدانیەکی لیٚ یە. کەسی نەبینی بە شاخەکەدا هاتە خوارەوە تا گەیشتە ناو دۆڵەکە .

لەویٚ چەمکی کراسەکەی کرد بەلادا بە هەڵە داوان بە شیوەکەدا تیٚپەڕی ئنجا بە شاخی مەروەدا سەرکەوت تا گەیشتە سەرەوە لەویٚش بە پیٚ وە وەستاو بەملاو لادا ڕوانی تا بزانیٚت کەسیٚك ئاوەدانیەك بە دی دەکات کەس نەبوو . حەوت جار ئەم سەرو ئەو سەری صەفاو مەروەی کرد .

ئیبن و عەباس دەڵیٚت لەبەر ئەمەیە خەڵك دەبیٚت صەفاو مەروە بکەن .

دواجار کاتیٚ گەیشتەوە سەر شاخی صەفا گویٚی لە دەنگیٚك بوو هاجەرە خۆی بە خۆی ووت : بیٚ دەنگ بە .گویٚی گرت دووبارە دەنگەکە هاتەوە بە گویٚیدا ئنجا لەبەر خۆیەوە ووتی : گویٚم لیٚ بوو .

ئایا تۆ فریاد ڕەسی؟ دی فریشتە (مەلائیکە) یە لە شویٚنی ئاوی زەمزم دا ، بە قاچی (هەندیٚك دەڵیٚن بە باڵی) دای لەزەوی تا ئاو دەرکەوت ، هاجەرە کەوتە چاکردن و قوڵ کردن و بەرگرتنی ئاوەکەو جەوەنەکەی پڕکرد لە ئاو بەدەست . ئیبن عەباس دەڵیٚت پیٚغەمبەر ﷺ فەرموی (خوا ڕەحم بە دایکی ئیسماعیل بکات ئەگەر وازی لە ئاوەکە بیٚنایە) یان فەرموی (ئەگەر ئاوەکەی بەرنەگرتایەو دایی نەپۆشیایە چاوگەیەکی دیارو ئاشکرادەبوو) ، تیٚر ئاوی خواردەوەو کۆرپەکەی شیردا.

فریشتەکە پیٚی ووت (لە گوم بوون و تیاچوون مەترسە ئالیٚرەدا ماڵی خوا (بیت) بنیات دەنریٚ لەلایەن ئەم مناڵەو باوکیەوە ، خوا

دۆستانی تیا نابات ، ئەوکاتە شوێنی (بیت) وەك سەكۆیەك وابو لەزەوی دەوروبەری بەرزتر بوو ، كاتێك لافاو دەهات بەم لاو لایدا دەڕۆیشت .

لەوێدا مانەوە تا هۆزی جورهوم بەوێدا تێپەڕی . لە خوار مەككەوە خستیان ، باڵندەیەكیان دی بە ئاسمانی ئەوێدا دەسوڕایەوە ، ووتیان ئەم باڵندەیە بۆ ئاو دەسوڕێتەوە بە یەكتریا ووت ئێمە شارەزای ئەم دۆڵەین ئاوی لێ نیە ! چەند كەسێكیان نارد بۆ شوێنەكە دیان ئاوی لێ یە ، گەڕانەوەو هەواڵی ئاویان دا بە هۆزەكەیان ، هەمویان ڕویان كردە شوێنی ئاوەكە :دایكی ئیسماعیل لەسەر ئاوەكە بوو ، ووتیان: ڕێگەمان دەدەی لێرە بمێنینەوە لای تۆ؟ ووتی: بەڵێ بەڵام خاوەندارێتی ئاو مافی ئێوەی پێوە نی یەو هی ئێوە نیە . ووتیان : باشە .

عبدالله ی كوڕی عەباس دەڵێت :

پێغەمبەر فەرموی دایكی ئیسماعیل ڕازی بوو چونكە حەزی بە تێكەڵاوی و پێكەوە ژیان بوو، هۆزی جورهوم لەوێ بنەو باریان خست و ناردیان بە شوێن ئەوانی كەشیاندا ئەوانیش هاتن .

ئیسماعیل لە ناویاندا پێگەیشت و فێری زمانی عەرەبی بوو لێیانەوە, كاریگەریان هەبوو لەسەری و حەزی پێ دەكردن .

كاتێكیش گەورە بوو ژنی لێ هێنان ، دایكی ئیسماعیل مرد پاش ئەوەی ئیسماعیل خێزانی پێك هێنا ئیبراهیم هات بۆ سەردانیان ئیسماعیل لە ماڵ نەبوو . لە ژنەكەی پرسیاری ئیسماعیل ی كرد، ووتی چووە شتێكمان بۆ پەیدا بكات ، بۆ ژیانی ڕۆژانەمان .

ئیبراهیم پرسیاری لێکرد لە کارو بارو چۆنیەتی ژیانیان ، ووتی: ئێمە لەتەنگانە و ناڕەحەتی و دەست کورتیداین سکالآی دڵی خۆی بۆ کرد .

ئیبراهیم پێی ووت : ئەگەر پیاوەکەت هاتەوە سلاوی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ چوارچێوەی دەرگاکەی بگۆڕێ . کاتێك إسماعیل گەڕایەوە وەك ئەوەی دڵی خەبەری دابێت وتی: کەس هات بۆ ماڵمان ؟ خێزانی ووتی بەڵێ پیاوێکی پیری ئاواو ئاوا هات و پرسیاری تۆی لێکردین وەلآممان دایەوە ، پرسیاری چۆنیەتی ژیانی لێکردین پێم ووت ئێمە لە ناڕەحەتی و نەبونیداین. إسماعیل ووتی هیچی پێ نەوتی بۆ من ؟ ووتی:بەڵێ پێی ووتم کە سەلامت لێ ئەکات و ئەیگوت چوارچێوەی دەرگاکەی بگۆڕێ . ووتی : ئەوە باوکمە و فەرمانی پێ کردوم کە لێت جیا ببمەوە ، بڕۆرەوە بۆ لای کەس و کارت لێی جیابویەوە و ژنێکی کەی لێ هێنان (لە هۆزی جورهوم) .

دوای ماوەیەکی کە ئیبراهیم هات بۆ ماڵیان پرسیاری ئیسماعیلی کرد لە خێزانی ووتی : چوە بۆ کار تا شتێکمان بۆ پەیدا بکات ، ووتی : ژیان و گوزەرانتان چۆنە ؟ ووتی : ئێمە باشین و لە خۆشیداین و بێوەین و سوپاسی خوای کرد .

ووتی: خواردنتان چی یە؟ ووتی : گۆشت ووتی خواردنەوەتان چی یە ؟خێزانی ووتی ئاو ، ئیبراهیم ووتی : خوایە بەرەکەت بخە گۆشت و ئاویانەوە .

پێغەمبەر فەرموی:. ئەوکاتە دانەوێڵەیان نەبوو ئەگەر بیان بوایە دوعای بۆ دەکردن ....

ئیبراهیم ووتی : ئەگەر مێردەکەت هاتەوە پێی بڵێ کە چوار چێوەی دەرگاکەی جێگیر بکات کاتێك ئیسماعیل هاتەوە ووتی:

کەس هات بۆ لاتان ؟ ووتی : بەڵێ پیاوێك هات بۆ لامان ڕەنگ و ڕویەکی پاك و جوانی هەبوو پیاوێکی واو وابوو هەندێکی پیا هەڵدا . پرسیاری تۆی لێکردم بۆم باسکرد پرسیاری بژێوی کرد ووتم ئێمە باشین ، ئیسماعیل ووتی: هیچی پێ ووتی بۆ من؟ ووتی بەڵێ سەلامی لێ دەکردیت و فەرمانی کرد کە چوارچێوەی دەرگاکەت قایم بکەی .

ئیسماعیل ووتی : ئەوە باوکمە و فەرمانی پێ کردوم کە دەست بە تۆوە بگرم و لەگەڵتا بژیم .

إسماعیل و هاجەرەی دایکی و خێزانەکەی لەمەککە و لە پەنای بەیتدا ژیان و هەرلەوێشدا مردن و نێژران.[٦]

﴿ونبوون و ڕۆچونی زەمزەم لە پاش ئیسماعیل (علیه سلام)﴾

هۆزی جورهوم کە هۆزێکی یەمەنی بوون[٧] ، لای هاجەرە و ئیسماعیل لە مەککە لایاندا و نیشتەجێ بوون ، پاش ئەوانیش هەر لەوێ مانەوە ، بەڵام ئەم هۆزە پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەکی زۆر دەستیان کرد بە خراپەکاری لە پەنای (بیت)دا سوکایەتیان بە بەیت کرد، ئەو دیاری و بەخششانەی کە خەڵك هێنابوونی بۆکەعبە بە نهێنی و ئاشکرا دەیان بردو دەیان خوارد و بە مەشەوە نەوەستان ستەم و زۆریان دەکرد بەرامبەر بەو کەسانەی کە ڕویان دەکردە مەککە بۆ حەج .

[٦] تەفسیری ڕامان لا ٤١٣ .

[٧] اخبار المکة

ئەمەش بوو بە هۆی دروست بوونی ناکۆکی و دوبەرەکی و ساردی و کێشە لە نێوانیاندا ، پێشتر گەورەترین هێزی عەرەب بوون ، زۆرترین سەروەت و جەنگاوەرو چەکیان هەبوو.

کاتێ (مضاض بن عمر) کەیەکێ بوو لەدەستەلآتداروو سەرۆکەکانیان دەرکی بەمە کرد ، ڕوی ئامۆژگاری تێکردن و ووتی: هۆزەکەم ، ڕاوەستن، دەست هەڵگرن لە خراپە، لە خوا بترسن، لە ماڵەکەیداو لە پەنای بەیتداخراپە مەکەن دیوتانەو بیستوتانە کە هۆزەکانی پێش ئێوە لە ناوچون هۆزی (هود ، صالح، شعیب ...) خراپە مەکەن، چاکە کار بن واز لەستەم و زۆرداری بهێنن ، سوکایەتی مەکەن بە ماڵ و (بیت)ی خوا ، هێزو ئاسایش ودەستەلات سەرتان لێ نەشێوێنێ ، دور کەونەوە لە خراپەو زۆرداری چونکە تاوانێکی گەورەیە .

بەخوا ئێوە باش دەزانن کە ئەوانەی لێرە پێش ئێوە نیشتەجێ بوون و ستەم و بێ باوەڕییان ئەنجام دا ، خوا دوابڕاوی کردن و لە ناوی بردن ، لای بردن و کەسی کەی هێنا یە شوێنیان ، دووربن لە ستەم و زۆرداری چونکە ستەم کاران نامێننەوە تەمەنیان کورتە ، بیستوتانە و بینیوتانە ئەوانەی پێش ئێوە کە لێرە دەژیان لە (طمس و جدیس و عماليق) ئەوان لە ئێوەش بەهێزتر بون ، پیاو ودەستەلآت و ماڵ و منداڵیان لە ئێوە زیاتر بوو کە سوکایەتیان بە ماڵی خوا کرد و ستەم و تاوانیان تێدا ئەنجام دەدا ، خوا دەری پەڕاندن بە جۆرەها شێوە ، هەندێکیان بە نەخۆشی ، هەنێکیان بە پەتا هەنێکیان بە شمشیر .

ئێوە لە شوێنی ئەواندا نیشتەجێن ، بوون بە خاوەنی ئەم زەویە دوای ئەوان ، پارێزگار بن سنورەکانی خوا مەشکێنن، ڕێزی ماڵەکەی

بگرن، پاك رای بگرن، ستەم و زۆر لە وانە مەكەن كە دێن بۆماڵی خوا و لەبەر خوا یان دێن بۆ كڕین و فرۆشتنی كالآ ، یان ئەوانەی پەنایان بۆ هێناون ، ئەگەر واتان كرد دەترسم دەركرێن لێرە بە دەركردنێكی سەرشۆڕانەو بچوكانە تا واتان لێ بێت نەتوانن بەڕێبواریش پیای تێپەڕن ،كە ئێوە شوێن و جێگاوماڵ و پەناتانەو لە ژێر دەسەلآت و فەرمانڕوایەتیتانایە. ئەمەلەكاتێكدا دڕندەو باڵداریش پارێزراون لەم جێگایەدا (بیت) .

یەكیان كە ناوی (مجزع) بوو ووتی: كێ دەتوانێ لێرە دەرمان كات ؟ ئێمە گەورەترین هێزی عەرەب نین؟خاوەنی زۆرترین پیاو وماڵ و سەروەت نین؟

(مضاض) ووتی : ئەگەر ئەوكات و ڕۆژو فرمانە هات ئەوەی وتت پوچەڵ دەبێتەوە .

هەرچیان پێ كرا جورهم لە خراپە كردیان (مضاض) كە دی هەرچی بیانەوێ دەیكەن و ماڵی كەعبە دەدزن بە نهێنی و ئاشكرا ، دوو ئاسكی ئاڵتونی كەلە كەعبەدا بوو لە گەڵ شمشێرە هیندیەكاندا هەڵی گرتن و لە شوێنی ئاوی زەمزەمدا كە ئەو كاتە بەهۆی خراپی كردارو ڕەوشتی جورهومەوە زەمزەم ڕۆچوبوو .

لە شەوێكی تاریكی ئەنگوستە چاودا خستنیە ژێر خاك و شاردنیەوە ، پاش ئەمە خوا هۆزی قوزاحەی سەرخست بەسەر هۆزی جورهومدا ، لە جەنگدا، دەركران لە مەككە بە سەر شۆڕی وشكستخواردوی بەم جۆرە ئاوی زەمزەم نەماو تەنانەت شوێنەكەشی بە هۆی داخوران و لافاو و باوە دیارنەماو ورن بوو.

﴿دۆزینەوەی بیری زەمزەم لە لایەن عەبدول موتەلیبەوە﴾

عەبدول موتەلیب باپیری پێغەمبەر ﷺ دەڵێ : خەوتبوم لە ژورەوە لەخەومدا کەسێك هات و پێی ووتم :طیبة هەڵکەنە ووتم:(طیبة) چی یە ؟ئەمەم ووتو ڕۆیشت لەلام.

دەڵێ : ڕۆژی دوای ئەوەش کاتێ چومە سەر جێ و خەوتم، هاتەوە خەوم و پێی ووتم : (بڕە) هەڵکەنە .ووتم (بڕە) چی یە؟ ئەمەم ووت و جێی هێشتم .

ڕۆژی دوای ئەوەش کاتێك بۆ خەو چومە سەر جێ و خەوتم ، لە خەومدا هاتەوە بۆ لام و ووتی : (المضنونە) هەڵکەنە . ووتم مضنونە چی یە ؟ پاش ئەوە ڕۆیشت و لەبەر چاوم ون بوو...

ڕۆژی دواتر کاتی سەرم خستە سەر جیگاکەم و خەوتم هاتەوە بۆ لام و ووتی : زەمزەم هەڵکەنە .

(عەبدول موتەلیب) دەڵێ ووتم: زەمزەم چی یە ؟ ووتی ئەوەیە کە تەواو نابێ و نابڕێتەوە ، ئەو هەموو حاجیە دەیخواتەوە . لە نێوان شیاکەو خوێندایە ، لە ژێر دەنوکی قەلەڕەشی قلج بازودایە ، لە پەنای شارە مێرولەدایە .

دەڵێ کاتێ تێگەیشتم لە مەبەستی و شوێنەکەیم زانی و دڵنیابوم لە ڕاستی ، بەیانی پاچم هەڵگرت و لەگەڵ حارسی کوڕمدا کە ئەو کات هیچ کوڕێکم نەبوو جگە لەو ، دەستمان کرد بە هەڵکەندنی زەوی ، بەردەوام بووین لە هەڵکەندن تا گەیشتینە قەراخی ئاوی بیری زەمزەم ، کاتێ عەبدول موتەلیب لێواری بیرەکەی بینی (الله اکبر)ی کرد ، قورەیشیەکان زانیان کە گەیشت بە مەبەستی خۆی ، هەمویان لێی هەستان ووتیان ئەی عەبدول موتەلیب ئەوە بیری باوکمان (ئیسماعیل)ە ، وە ئێمەش ماف و بەشمان هەیە تیایدا ، دەبێت بەشداربین تیایدا .

(عەبدول موتەلیب) ووتی من شتی وا ناکەم ، ئەم کارە تەنها هی منەو تایبەتە بە من نەك بە ئێوە ، لەناو ئێوەدا بە من دراوە، ووتیان

با نیوەی بۆ ئێمە بێت ، ئێمە وازت لێ نایەنین و دژایەتیت ئەکەین لە سەری .

(عەبدول موتەلیب) ووتی : هەرکەسێ بە دڵتانە بیکەن بە دادوەر لە نێوانماندا با ئەو بڕیار بدات و دادوەری بکات ووتیان : ژنە کاهینەکەی هۆزی (بنی سعد بن هزیم) . ووتی : باشە.

ئەم کاهینە لە شام بوو (عەبدول موتەلیب) و چەند کەسێك لە(بنی امیە)چوون لە گەڵیدا ، قورەیشیەکان لەهەر هۆزێك سوارێکیان نارد بۆ ئەم مەبەستە بەڕێ کەوتن تا لە ڕێگادا (عەبدول موتەلیب) و هاوڕێکانی ئاویان لێ بڕا ، تینوێتی زۆری بۆ هێنان تا وای لێ هات خەریك بوو لە تینوان بمرن ، داوای ئاویان کرد لەوانەی کە لەگەڵیاندا بوون لە هۆزەکانی کە بەڵام نەیان دانێ ، ووتیان: ئێمە لە دێم و بیاباندایین ، دەترسین ئاوەکەبدەین بە ئێوە ئەوکات ئێمەش وەك ئێوە ئاومان لێدەبڕێ و تینو دەبین .

(عەبدول موتەلیب)بەهاوەڵەکانی ووت : وای بە باش دەزانم هەریەك لە ئێمە گۆڕی خۆی هەڵکەنێ تا هێزمان تیا ماوە هەرکاتێ مرد هاوەڵەکانی دەیخەنە گۆڕەکەیەوە و دەیشارنەوە ، تالە کۆتایدا یەك کەس دەمێنێتەوە، یەك کەس نەشاردرێتەوە باشترە لەوەی ئەم هەمووە نەشاردرێتەوە ، ووتیان باشترین فەرمانە ئەم کارە .

هەرپیاوێکیان گۆڕی خۆی هەڵکەند و لە پەنایدا دانیشت چاوەڕوانی مردن بوو لە تینوان ، پاش ماوەیەك (عەبدول موتەلیب) بە هاوڕێکانی ووت : بەخوا بەم جۆرە چاوەڕوانی مردن کارێکی نەشیاوە و بێ توانابیە ، نابێ ئەم پەککەوتەییە قبوڵ بکەین ، بەو ئومێدەی کە خوا لە شوێنێکدا ئاو بێنێتە ڕێگەمان هەستن با بڕۆین ، کەوتنە خۆ کۆکردنەوە و هەستان کاتێ ، (عەبدول موتەلیب) وڵاخەکەی هەستان و سوار بوو لەژێر سمیدا کانیەکی ئاوی سازگار هەڵقوڵا ، (عەبدول موتەلیب) هاواری کرد (الله اکبر) هاوەڵەکانیشی بە دەنگی بەرز هاواریان کرد (الله اکبر) (عەبدول موتەلیب) لە

وولاٌخەکەی دابەزی و تێر ئاوی خواردەوە هاوەڵەکانیش تێریان خواردەوە کونەو جەوەنیان پڕکرد لە ئاو .

ئنجا فەرموی نوێنەری هۆزە قوڕیشیەکانیان کرد ، لە کاتێکدا ئەوان تەماشایان دەکردن کە ئەم ڕوداوە سەیرە ڕوی دا ووتیان وەرن بۆ ئەو ئاوەی کە خوا پێی بەخشین هاتن و لێیان خواردەوە و ئەوەی پێیان بوو پڕیان کرد لە ئاو دوای ئەوە ووتیان : بەخوا بڕیار بۆ تۆو لە بەرژەوەندی تۆ بوو ، سوێند بە خوا دژایەتیت ناکەین لە ئاوی زەمزەمدا ئەوەی ئەم ئاوەی دایتیٚ لەم دێم ووشکی و بیابانەدا هەرئەوەش زەمزەمی پیٚ بەخشیت بگەڕێرەوە بۆ لای ئاوەکەت ، (عەبدول موتەلیب) گەڕایەوەو ئەوانیش لەگەڵی پێش ئەوەی بگەنە لای ژنە کاهینەکە لەوکاتەوە وازیان لەزەمزەم هێنا بۆ (عەبدول موتەلیب) .

﴿نەزری عبدالمطلب کاتی هەڵکەندنی زەمزەم﴾

عبدالمطلب نەزری کرد لە سەر خۆی کاتێك کە فەرمانی پیٚ کرا بە هەڵکەندنی زەمزەم ئەگەر بێت و کارەکەی سەر بگرێت و سەرپەرشتی کردنی ئاوەکە بۆ ئەو بێت، ئەگەر خوای گەورە دە کوڕی بداتیٚ ئەوە یەکێکیان دەکات بە قوربانی بۆ خوا خوای گەورە داواکەی پیٚ بەخشی و لە شەش ژن دە کوڕی بوو : (عبدالله، حارس، (ابو طالب، الزبیر، عباس ، (ابو لهب ، ضرار، الغیداق، حمزة، المقوم).

کاتیٚ کە خوا داواکەی هێنایە جیٚ و دە کوڕی دایە،و پلەو پایەی لە ناو خەڵکدا بەرز بویەوەو، کارو باری (دابەشکردنی زەمزەم بەسەر حاجیانیماڵی خوادا) زمزەمی کەوتە دەست ، قورعەی کرد لە نێوان کوڕەکانیدا بۆ ئەوەی بزانیٚ کامیان سەر ببڕێت، قورعەکە دەرچوو بەسەر عبدالله ی کوڕی دا کە باوکی پێغەمبەری خوایە ﷺ .

عبدالمطلب هەستاو عبدالله ی برد بۆ شوێنی قوربانی تا لەویٚ سەری ببڕێت خاڵوانی لە(بنو مخزوم) لەگەڵ گەورە پیاوانی قورەیش

لێی هەستان و وتیان و"الله" نایەڵێن سەری بڕی ئەگەر وا بکەیت دەبێت بە سونەتێك لەسەر ئێمە تا منداڵەکانمان سەر ببڕین .وە دەبێت بە سوننەتێك لە سەرمان لە لایەن عەرەبەوە .

قورەیشیەکان پێیان وت لە حیجاز ئەستێرە گرەوەیەك هەیە کە جنۆکەی هەیە برۆ بۆ لای و پرسیاری لێ بکە لەم بارەیەوە ئەگەر فەرمانی پێ کردی بە سەر بڕینی ئەوا سەری ببڕە، وە ئەگەر فەرمانی پێ کردی بە شتێکی تر ئەوا ڕزگارت بووەو قبوڵی بکە .

عبدالمطلب ڕۆیشت بۆ لای و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە ئەستێرە ناسەکە وەتی : ئەمڕۆ بەجێم بێڵن تا ئەوان (جنۆکە) دێن بۆ لام و پرسیاریان لێ بکەم، عبدالمطلب بەجێی هێشت .

بەیانی چووەوە بۆ لای، ئەستێرە ناسەکە وتی بەڵێ هەواڵم بۆ هات ، ئایا خوێن بایی (الدية) لای ئێوە چەندە ؟ وتیان دە حوشترە .

ژنە ئەستێرە ناسەکە وەتی : بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان دە حوشتر دابنێن بۆ قوربانی، لەگەڵ کوڕەکەتدا قورعەیان بۆ بکە، ئەگەر حوشترەکان دەرچون بیانکە بە قوربانی ، ئەگەر کوڕەکەت دەرچوو، دە حوشتری بۆ زیاد بکەن و جارێکی تر قورعەیان بۆ بکەن بەم جۆرە بەردەوام بن تا خوا ڕازی دەبێت، و لەسەر حوشترەکان دەردەچێت بیانکەن بە قوربانی . بەمەش خوا ڕازی دەبێت و کوڕەکەشت ڕزگاری دەبێت .

گەڕانەوە بۆ مەککە ، عبدالمطلب قورعەی کرد لە نێوان عبدالله و دە حوشتردا، لەسەر عبدالله دەرچوو .

قورەیش وتیان : ئەی عبدالمطلب حوشترەکانت زیاد بکە تا خوا لێت ڕازی بێت، بەم جۆرە هەرچی قورعە دەکرا لەسەر عبدالله دەردەچو هەر جارێکیش دەبوایە دە حوشتر زیاد بکەن بۆ قوربانی بەردەوام بوون تا گەیشتە سەد حوشتر، ئنجا قورعەکە لەسەر حوشترەکان دەرچوو، قورەیشیەکان بە (عبدالمطلب) یان ووت دە ئێستا حوشترەکان سەر ببڕە، خوا ڕازی بوو کوڕەکەشت ڕزگاری بوو.

عبدالمطلب ووتی: بەمە کۆتایی پێ نایەنم هەتا سێ جار لەسەر حوشترەکان دەرنەچێت، قورعەی کردەوە لە نێوان کوڕەکەی و سەد حوشترەکاندا سێ جار هەر سێ جارەکە لەسەر حوشترەکان دەرچوو.

پاش ئەوەی سێ جار قورعەکە لەسەر حوشترەکان دەرچوو، سەد حوشترەکەی سەر بڕی وگۆشتەکەیانی بەخشیەوە بەشی هەموو خەڵکەکەی کردو ئاژەڵ و باڵندەش نەما لێی نەخوات، خۆی و هیچ یەکێك لە کوڕەکانی هیچیان لێ نەخوارد. ئەمە بۆ یەکەم جار بوو کە خوێن بایی سەد حوشتر بێت، پاش ئەمە ئیسلام هاتو (الدیة) ی چەسپاند.

ئەو ڕۆژە پاش تەواو بونی قوربانیەکە عبدالمطلب بۆ ماڵ دەگەڕایەوە گەیشت بە (وهب بن عبد مناف)، کە لە دەوری بیت دانیشتبوو، ئەم پیاوە یەکێك بوو لە ناو داران و گەورە پیاوانی مەککە بوو، کچەکەی دا بە عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب – کە باوکی پێغەمبەری خوایە ﷺ– .

ویستی خوا وابوو، ئەوەی خوا نەیەوێ نابێت ، خوا باوکی پێغەمبەری ﷺ ئیسلامی پاراست لە سەربڕین، وە سەد حوشتر کرا بە قوربانی بۆ ئەوەی ویستی خوا بێتە دی و عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب هۆیەك بێت بۆ لە دایك بونی محمدﷺ. وە بونی بە پێغەمبەرﷺ و مایەی ڕەحمەت بۆ گشت خەڵکی .

بەشی دووەم

تایبەتمەندیەکانی

ئاوی زەمزەم

﴿تایبەتمەندیەکانی ئاوی زەمزەم﴾

١. ﴿زەمزەم کۆنترین بیرە کە تا ئەمڕۆ وشکی نەکردوە﴾

ئەندازیار (سامی عنقادی) بەڕێوەبەری (مرکز ابحاث الحج) دەڵێ:.

یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی ئاوی زەمزەم بەردەوامیە، ئەم بیرە لەسەردەمی پێغەمبەرەوە بەبێ کەمکردن ئاو دەدات و ئاوی لێ دەریەت بە بەردەوامی .ئەمە جگە لەو ماوەی نێوان سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم و پێغەمبەر ﷺ.

پاشان دەڵێ: بیرەکانی کە جگە لە بیری زەمزەم، چەند بەردەوام دەبن؟! پەنجا ساڵ، سەد ساڵ، ئاوەکەیان ڕۆ دەچێ و کۆتایی دێت .

(ابن سعد) لە کتێبی (الطبقات)دا دەگێڕێتەوە لە (محمد بن عمر بن واقد الاسلمی) دەڵێ: لە چەند زانایەکم بیست دەیانگوت لە نێوان حەزرەتی ئیبراهیم (علیه السلام) و حەزرەتی موسادا(علیه السلام) دە سەدە هەیە ، وە هەر سەدەیەك سەد ساڵە .

لە (ابن العباس)وە خوا لێی ڕازی بێت ئەگێڕنەوە و دەڵێ: لە نێوان موسا پێغەمبەرو (علیه السلام) عیسی (علیه السلام)ی کوڕی مەریەم دا هەزارو نۆسەد ساڵ هەیە .

وە لەنێوان لە دایك بوونی حەزرەتی عیسی (علیه السلام) و پێغەمبەری خۆشەویستداﷺ پێنج سەدو شەست و نۆ ساڵ هەیە.

بەم جۆرە کۆی ماوەی نێوان حەزرەتی ئیبراهیم (علیه السلام) و پێغەمبەری خۆمان ﷺ دا "٢٤٦٩" ساڵ هەیە .

لە تێکڕای ئەم ماوە دورو درێژەدا بیری زەمزەم ئاوی لێ هەڵگۆزراوەو لێ دەرکراوە (تەنها ئەو ماوە نەبێت کە پڕ دەبێتەوەو تا عبد المطلب دەیدۆزێتەوە) .

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەتوانین بڵێین ئاوی زەمزەم کۆتایی پێ نایەت و بیری زەمزەم وشك ناکات .

٢. ﴿زەمزەم تا ئاوی لێدەرکەیت زیاد دەکات﴾

بیری زەمزەم تا ئاوی لێ دەرکەیت زیاد دەکات ئەمە جیاوازیەکی سەرەکی ئاوی زەمزەمە لە ئاوەکانی کە. ئەندازیار (سامی عەنقاد)ی دەڵێ کاتی سنوری حەرەممان زیاد دەکرد بۆ ئەمەش ویستمان ئاوی بیرەکە کەم بکەینەوە، بۆیە سێ ترومپا(مضخە)مان بەکارهێنا بەلاَم سەیر بوو چەند ئاومان لە بیرەکە زیاد دەربهێنایە ئاوەکە ئەوەندە زیادی دەکرد...

٣. ﴿ئاوی زەمزەم شیرینە.....لەگەڵ ئەوەشدا کە رێژەی خوێی تێدا بەرزە﴾

دکتۆر محمد عزەت المهدی مامۆستای جیۆلۆجیا لە پەیمانگای (الدراسات و البحوث البیئة) لە زانکۆی (عینی شمس) لە وڵاتی میسر پاش لێکۆڵینەوە لەسەر ئاوی زەمزەم دەڵێ: بە دڵنیاییەوە ئاوی زەمزەم خاوەنی هەندێ تایبەتمەندیە جیای دەکاتەوە لە هەموو ئاوەکانی کەی دنیا یەکێك لەو تایبەتمەندیانە ئەوەیە کە ئاوێکی شیرینە لە کاتێکدا کە رێژەیەکی زۆر خوێی تێدایە، واتە ئاوێکی سوێرە لە راستیدا بەلاَم لە کاتی خواردنەوەدا هەست بە سوێری ناکەیت ، لە کاتێکدا ئەو رێژە خوێیەی کە لەم ئاوەدا هەیە لەهەر ئاوێکی کەدا بوایە کەس نەیەتوانی بیخواتەوە لەبەر سوێری.[٨]

---

٨ www.torun. borg. com

٤. ﴿کەس ناتوانێت ئاوێك وەك زەمزەم ئامادە بکات﴾

لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێژەی پێکهاتەکانی ئاوی زەمزەم رون و ئاشکرایە ، هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئامادە کردنی ئاوێك بە هەمان پێکهاتە بەڵام هەموو هەوڵەکان شکستیان هێناو سەرکەوتوو نەبوون. ئەمە لە کاتێکدا هەر ئاوێك پێکهاتەکانی زانراو بێت بە ئاسانی لە کارگەکانی ئاودا ئامادە دەکرێت ئەمەش یەکێکە لە موعجیزە خواییەکان لەم ئاوەدا .[9]

٥. ﴿ئاوی زەمزەم وەك هەنگوینە﴾

هەمان لێکۆڵینەوەی پێشوو دەری خست کە ئاوی زەمزەم رەنگ و تام و بۆنی ناگۆڕێ و لە بۆن و تام و خاسیەتدا وەك هەنگوینە، چونکە هەنگوین نە ڕەنگی دەگۆڕێ و نە بۆنیش دەکات.

٦. ﴿ ئاوی زەمزەم چارەسەرە ﴾

هەروەك چۆن چۆنێتی پەیدابوون و هەڵقوڵانی زەمزەم لە مێژویەکی دێریندا یەکێکە لەو ڕوداوانەی کە مرۆڤ سەراسیمە دەکات ، ئاواش سودەکانی لە ئەمڕۆدا بە موعجیزەی پزیشکی دەژمێردرێت . چۆن وانابێت کە پێغەمبەرﷺ لە بارەیەوە دەفەرموێت: (عن جابر رضي الله عنه قال : سمعت رسول الله ﷺ يقول : " ماء زمزم لما شرب له "[10] .

---

[9] www .tourn . borg . com

[10] سنن ابن ماجه ، المناسك ، باب الشرب من زمزم ٢/ ١٠١٨ ، مسند احمد ٣/ ٣٥٧، سنن البيهقي ٥/ ١٤٨ ، قال الحافظ الدمياطي في المتجر الرابح ص ٢١٨ : إسناده حسن .
و كذالك حسنه ابن القيم في زاد المعاد ٤/ ٣٩٣ ، و قال الأمام الزركشي في التذكرة ص ١٥١ : إسناده جيد ، كما نقله عنه العجلوني في كشف الخفاء ١/ ٣٢٨ .

لە جابرەوە دەگێڕنەوە دەڵێ : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو : ((ئاوی زەمزەم بۆ هەر مەبەستێك بوخرێتەوە دێتە دی))

ئەگەر بۆ چارەسەر خواردتەوە ، خوا شیفات دەدات و چاك دەبیتەوە . ئەگەر بۆ پەناگرتن بوو، خوا پەنات دەدات ، ئەگەر بۆ ئەوەبوو تینوێتیت بشکێ خوا دەیشکێنێ و تێرت دەکات.

لە (ابن عباس رضي الله عنه)ەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی (خير ماء على وجه الارض ماء زمزم ، فيه طعام الطعم ، و شفاء السقم) [11].

واتە باشترین ئاو لە سەر زەویدا زەمزەمە ، خواردنەو جێگای خواردن دەگرێت ، چارەسەرە بۆ هەموو نەخۆشیەك .

لێرەدا هەموو نەخۆشیە ماددی و دەرونیەکان دەگرێتەوە.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ وەك چارەسەر بەکاری دەهێنا بۆ نەخۆشی

٧. ﴿ ئاوی زەمزەم خواردنەو دەخورێت ﴾

و قال الحافظ ابن حجر في جزئه عن حديث : ((ماء زمزم لما شرب له)) ص ٢٧٠: ((فمرتبة هذا الحديث عند الحافظ باجتماع هذه الطريق يصلح للأحتجاج به)) اه .

و قال ايض في تخرج الأذكار : ((الصواب انه حسن لشواهده)) ، كما نقله عنه السيوطي في الحاوي ١/ ٣٥٢ .

و قال السخاوي في المقاصد الحسنة ص ٣٥٩ بعد نقل كلام شيخه ابن حجر قال : ((وصححه من المتقدمين ابن عيينة ، و من المتاخرين الديماطي و المنذري)) . اه

و كذلك صححه السيواطي في حاشيته على سنن ابن ماجه، ينظر السنن ٢/ ١٠١٨ و كذلك في الحاوي له ١/ ٣٥٤،

و قال ابن حجر الهيتمي في تحفة المحتاج ٤/ ١٤٣ : الحديث حسن بل صحيح ، كما قاله ائمة ، و قال في حاشيته على مناسك النووي ص ٤٠٤ : و الذي استقر عليه امر محققي المحدثين انه حسن او صحيح .

[11] فتح الباري

پێغەمبەر ﷺ لەم بارەیەوە دەفەرموێت " إنها طعام طعم[١٢] " واتە زەمزەم خواردنەو جێگەی خواردنیش دەگرێت ، و ئەوەی بیخواتەوە تێر دەبێت .

(ابن قیم) دەڵێیت : . خەڵکانێکم بینی نزیکەی پانزە ڕۆژ زیاتر بوو خواردنیان تەنها ئاوی زەمزەم بوو هەستیان بە برسێتی نەدەکرد .

وە لەگەڵ خەڵکدا تەوافیان دەکرد، ئەشیان ووت تاجل شەو بەمجۆرە دەمێننەوە ، لەگەڵ ئەوانەشدا توانای تەواف و سەرجێگایان لەگەڵ هاوسەریاندا مابوو .

شێخ (عبدالرشید إبراهیم التتاري) یەکێکە لە زانا تەتەریەکان لە سەردەمی[١٣] عوسمانیەکاندا لەو گەشتەیدا کە ناوی نابوو (العالم الاسلامي) جیهانی ئیسلامی . دەگێڕێتەوەو دەڵێ :. لەو گەشتەشدا چەند هەفتەیەکم بەسەر برد ، خواردنم تەنها ئاوی زەمزەم بوو .

ئەمە تاقیکردنەوە بووە بە کردارو گومانی تێدا نیە ، بە کردار ئەم زانا پایە بەرزە تاقیکردۆتەوەو ، گومان و دودڵی تیا نیە .

(ابو ذر) باسی مسوڵمان بوونی دەگێڕێتەوەو دەڵێ : کاتێ هاتم بۆ مەککە ، چومە حەرەم ، سێ ڕۆژو شەو لەوێ مامەوە ، ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ هات تا گەیشتە لای بەردە ڕەشەکەو سەلامی لێکرد و ، خۆی و هاوڕێکەی تەوافی بیت یان کرد و نوێژیان کرد کاتێ لە نوێژ تەواو بوو . سەلامم لێکرد من یەکەم کەس بووم سەلامم لێکرد بە سەلامی ئیسلامی .

---

[١٢] صحیح مسلم (کتاب فضائل الصحابه)

[١٣] الطب النبوي

❖ ووتم : السلام عليك يا رسول الله

❖ فەرموی : و عليك و رحمه الله

❖ پاشان فەرموی : . تۆ كێیت ؟

❖ ووتم : لە هۆزی غەفارم

❖ فەرموی : لە كەیەوە لیرەی ؟

❖ ووتم : نزیكە ی پانزە شەوو پانزە ڕۆژە .

❖ فەرموی : كێ نانی داویتێ ؟

❖ ووتم: خواردنم نەبووە تەنها ئاوی زەمزەم نەبێت ، قەڵەویش بووم هەتا لۆچی سكم شۆڕ بۆتەوە ، لەسەر جەرگیشم هەست بە لاوازی و برسێتی ناكەم .

❖ فەرمووی : زەمزەم پیرۆزە و جێگای خواردن دەگرێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێ لە زانایان و خواناسان تاقیان كردۆتەوە ، پێویستیان بە خواردن نەبووە لە وانەش : . مامۆستا (محمد سعيد طنطاوي) خودا لێی ڕازی بێت ، لە كاتی (إعتكاف) دا لە حەرەم لە دەیەی كۆتایی ڕەمەزاندا هیچ خواردنێكی نەخواردووە تەنها ئاوی زەمزەم نەبێت ، جێگای خواردنی بۆ گرتوەو هەستی بە برسێتی نەكردووە.

لە (عباس بن عبدالمطلب) خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە دەڵێ : لەسەردەمی نەفامیدا خەڵك پاڵ پاڵێنیان بوو بۆ ئاوی زەمزەم ، منداڵدارەكان پشتیان پێی دەبەست بۆ بەخێوكردنی مناڵەكانیان لە باتی خواردن ، ئێمە زەمزەممان بە پشتیوان دەزانی بۆ ماڵ و مناڵ بەخێوكردن[١٤] .

---

[١٤] فضل ماء زمزم

٨. ﴿زەمزم سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی بەهەشت﴾

قرطبی لە (جامع لاحکام القرآن)دا دەگێڕێتەوە لە (عبدالله بن عمرو)وەوە دەڵێ: ئاوی زەمزەم سەرچاوەکەی لە بەهەشتە .

ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە لە (ابی هریرة) ﷺ ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرمویەتی (سیحان و جیحان و الفرات و النیل کل من أنهار الجنة) .

ئیمامی نەوەوی ﷺ لە ڕاڤەی ئەم فەرمودەیەدا دەفەرموێت ڕوی دیاری ئەم فەرمودەیە ئەوە کە ماددەکەی لە بەهەشتەوە ، وە بەهەشت دروست کراوەو ئامادەیە ئەمڕۆ لە لای ئەهلی سوننە.

مەبەست لەوەی کە زەمزەم لە بەهەشتەوەیە ئەوەیە کە :

* مەبەست ئەوەیە کە زەمزەم بە گرنگ و گەورە بگیرێت چونکە ئەم ئاوە پیرۆزە فەزڵی گەورەو خێری زۆرە . بەهۆی ئەم تایبەتمەندیەیەوە وەك ئاوی بەهەشتە هەروەك ئەوەی لەوێ دابەزیبێت .

* مانایەکی کەی فەرمودەکە ئەوەیە کە ئاوی زەمزەم نمونەی نیە لە دنیادا بەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی کە هەندێکیان هاوبەشە لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ئاوی بەهەشت دا وەك ئەوەی کە : خواردنەو ، شیفایە ، کەم ناکات ، وشك ناکات .... و چەند تایبەتمەندیەکی تر ...

* ڕاڤەیەکی کە بۆ فەرمودەکە کە دوای کۆتای هاتنی دنیا ئاوی زەمزەم دەگوێزرێتەوە بۆ بەهەشت و لە وێدا دەبێت ، وەك ڕێزێك بۆی .

* مانایەکی کە ئەوەیە کە زەمزەم باشترە لە ئاوەکانی کەو فەزڵی هەیە بە سەریاندا وەك فەزڵی بەهەشت بە سەر زەویدا .

٩. ﴿زەمزەم هۆی ئاوەدانی و بەشار بوونی مەککەیە﴾

ئاوی زەمزەم هۆکاری مانەوەی هاجەرەو ئیسماعیلی کوڕی بوو لەو دۆڵە وشك و بێ ئاو کرکاى کرکەدا.

ئاواش مایەی قەرەباڵغ بون و کۆبونەوەی خەڵك بوو لە دەوریان وردە وردە (مەککە) گەورەتر دەبوو تا بوو بەشار.

ئەمە لە ئەنجامی ئەو نزاو پاڕانەوەیە بوو کە حەزرەتی ئیبراهیم کردی بۆ هاجەرەو ئیسماعیلی کوڕی کە فەرمووی :

پەروەردگارا بە راستی من هەندێ لە وەچە و خێزانم لە دۆڵێکی وشکی بێ کشتوکاڵدا جێنشین کردووە: لە پاڵ ماڵە پیرۆزەکەتدا، لە پاڵ (بیت الحرام)دا، پەروەردگارا، بۆیە لێرە نیشتەجێم کردن تا بە چاکی نوێژ و خواپەرستی ئەنجام بدەن، جا داواکارم دڵی هەندێك لەو خەڵکە کەمەند کێش بکەیت بۆ لایان و لە رزق و رۆزی جۆراوجۆر بەهرەمەندیان بکەیت، بۆ ئەوەی سوپاس گوزاری بکەن.[١٥]

لە تەواوی سەرچاوەکانی مێژوودا باس لەوە کراوە کە لە کاتی تێپەڕینی هۆزی جورحوم دا بە نزیك شوێنی مەککەدا باڵندە دەبینن بە ئاسمانەوە ، بە یەکتری دەڵێن: ئەو باڵندانە بەسەر ئاودا دەگەڕێن! پێیان سەیرە چونکە ئەوە ڕێگەیان بووەو شارەزابون کە بیابان و بێ ئاوە بۆیە چەند کەسێکیان دەنێرن کاتێ دەچن دەبینن ئاوی لێیە . دەگەڕێنەوە بۆ لای هۆزەکەیان هەواڵی بونی ئاویان پێ دەدەن ئەوانیش دەچن هاجەرەو ئیسماعیل دەبینن .

بە هاجەرە دەڵێن ڕێگەمان دەدەن لێرە بمێنینەوە هاجەرە دەڵێ : بەڵێ بەلاّم ئێوە مافتان بە ئاوەکەوە نیە خاوەنی نابن ئەوانیش وتیان : بەڵێ.

---

[١٥] تەفسیری ئاسان سورەتی إبراهیم ٣٧

دایکی ئیسماعیل ئەمەی کرد چونکە حەزی بە تێکەڵاوی ئاوماڵ هەبوو . ناردیان بە شوێن هۆزەکەیاندا ئەوانیش هاتن .
لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە ئاوی زەمزەم هۆکاری دروست بون و قەرەباڵغ بوون و ئاوەدانکردنەوەی مەککە بووە [١٦] .

١٠. ﴿ئاوی زەمزەم یەکێکە لە نیشانەو بەڵگە زۆر ئاشکراکانی خوای گەورە لە مەککەدا﴾

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت (إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ (٩٦) فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَنْ دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ(٩٧) (آل عمران) واتە: بە ڕاستی یەکەم خانەو ماڵ و مەنزڵگەیەك کە بۆ خەڵکی دانرا لە سەر زەوی بۆ خوا پەرستی ئەوەیە لە مەککەدایە ، کە پیرۆزەو هیدایەت و ڕێنموییی بەخشە بۆ هەمو خەڵکی جیهان .

لەو ماڵەدا (کەعبە) نیشانەو بەڵگەی زۆرو ئاشکرا هەیە .
زانای فیقه زان (محمد بن عمر) کە ناسراوە بە (بەحرق) دەڵێ: لە نیشانەو بەڵگە ئاشکراکان : بەردە ڕەشەکە ، ئاوی زەمزەم کە بە هۆی جوبرەئیلەوە هەڵقولاوە و چارەسەرە بۆ نەخۆشی و خۆراکە بۆ لەش و جێگای ئاوو خواردن دەگرێت .

١١. ﴿ئاوی زەمزەم ئەو سودو کەڵکە مادی و مەعنەویەیە کە خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی بۆ کردووە﴾

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت : (وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ (٢٧) لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ (٢٨)) "الحج

[١٦] صحيح قصص الأنبياء

واتە: جا بانگی خەڵکی بکە و جاڕ بدە لە ناویاندا با بێن بۆ حەج، ئەوانیش بە پیادە دێن بەدەم بانگەوازەکەتەوە، یان بە سواری (ئەو وشترانەی کە دووری ماوەکە) لاوازی کردون و لە هەموو رێگەیەکی دوورەوە هەر دێن ﴿ بۆ ئەوەی سود و کەڵکی ماددی و مەعنەوی بە دەست بهێنن و ببینن و یادی خواش بکەن و ناوی پیرۆزی بەردەوام لەسەر زاریان بێت لە رۆژانێکی دیاریکراودا، لە حەجدا لە رۆژانی جەژندا، فەرامۆش نەکەن، هەروەها ناوی خوا (بسم الله) بکەن لە کاتی سەربڕینی ئەو ماڵاتانەدا کە پێمان بەخشیون، ئەوسا لە گۆشتەکەی بخۆن و بەشی هەژار و نەدارانیشی لێ بدەن.

گەورەترین سودو کەڵك کە حاجیەکان لە ماڵی خوای گەورە دەستیان دەکەوێت ئاوی زەمزەمە کە دەیخۆنەوەو سودمەند دەبن لە رێزو بەرەکەتەکەی و دۆعاکانیان گیرا دەبێت لە کاتی خواردنەوەیداو نێتە چاکەکانیان دێتە دی و نەخۆشیەکانیانی پێ چارەسەر دەکرێت.

١٢. ﴿هەڵقوڵان و دەرکەوتنی ئاوی زەمزەم بە هۆی جبرەئیلەوە بووە﴾

ئاوی زەمزەم هەڵقولاً بەهۆی ئەوەی کە جبریل باڵەکانی لە زەویدا ئەمەش بە فەرمانی خوای گەورە بوو. ئەگەر خوا بیویستایە فەرمانی دەکردو ئاوەکە دەردەکەوت .

بەلاّم خوای گەورە ویستی وابوو کە ئاوی زەمزەم دەرکەوێت بەهۆی جبریلەوە کە گەورەی مەلائیکەتەکانە، ئاوی زەمزەم هەڵقولاً لە : پیرۆزترین شوێن و بۆ پێغەمبەرێکی پیرۆزو بەهۆی مەلائیکەتێکی پیرۆزەوە .

١٣. ﴿ئاوی زەمزەم دڵی پێغەمبەری ﷺ چەند جارێك پێ شۆراوە﴾

خوای گەورە ئاوی زەمزەمی هەڵبژارد بە تایبەت و جگە لە ئاوەکانی کە بۆ شۆردنی دڵی پێغەمبەر ﷺ دڵێکی پاك و بێگەرد هەر دەبێت بە باشترین و سەرووەرترین ئاو بشۆرێ کە ئاوی زەمزەمە .

لە کتێبی (فتح الباري) دا هاتووە کەسنگی پیرۆزی چوار جار لەت کراوە (فتح الصدر) هەموو جارێك بە ئاوی زەمزەم شۆراوە : جارێك کە چوار ساڵان بوو لە لای "حليمة السعدية" جارێکی تر کە دە ساڵان بوو ، جارێك کە جوبریل "عليه السلام" وەحی بۆ هێناو بوو بە پێغەمبەرﷺ بۆ جاری چوارەم لە شەوی شەو ڕەوی و بەرزبونەوەدا (الاسراء و المعراج) .

١٤. ﴿ئاوی زەمزەم هەڵقوڵاوە لە پیرۆزترین شوێن و جێگای سەر زەویدا﴾

ئاوی زەمزەم هەڵقوڵاوە لە پەنای (بيت)ی ماڵی خوادا ، لە نزیك (الركن) و (المقام) ، و (الصفا) و (المروى) . ئەمەش هەر لە خۆیەوە نەبووە بەڵکو لە زانستی خوادا بووە کە ئەوشوێنە دەبێتە (بيت) و نورو ڕەحمەتی خوای لێ دادەبەزێ .

بەمەش گەورەیی ئەو ئاوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خوای گەورە ئاوا شوێنێکی پیرۆزو پڕ فەڕو بەرەکەتی بۆ دیاری کرد بۆ ڕزگار کردنی هاجەرەو ئیسماعیلی کوڕەی و تا دواتریش ببێ بە مایەی تێر ئاو کردنی حەجاج و ئەوانەی کە ئاو ماڵی بەیتن .

ئەم شوێنە پیرۆز بوو بە ئاوی زەمزەم و ئاوی زەمزەمیش پیرۆز بوو بەو شوێنە پیرۆزە.

بەشی سێیەم

شوێن و هێڵکاری

بیری زەمزەم

شوێن و هێلکاری بیری زەم زەم

بیری زەمزەم دەکەوێتە نزیک کەعبەی پیرۆزەوە، دەمی بیرەکە ئێستا کەوتۆتە ژێر ئەو شوێنەی کە طەوافی لێ دەکرێت بە قوڵی (١,٥٦)مەتر لە پشت مەقامەوە بەلای چەپدا، لەوێدا بازنەیەک کراوە و لێ ی نوسراوە بیری زەمزەم (بئر زمزم)، ئەم نوسینە راستەوخۆ دەکەوێتە سەر بیرەکە.(وەک لە وێنەی ژمارە "٢،١"دا دیارە)، لە پشت (مەقام)ەوە قادرمەیەک هەیە دەچێت بۆ بیرەکە .

بیری زەمزەم دەکرێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم: کە قوڵیەکەی (١٢,٨٠) مەترە، ئەم بەشە هەڵچنراوە بە دیوار .

دووەم: ئەو بەشەیە کە لە بەردی شاخەکە هەڵکەندراوە، قوڵیەکەی (١٧,٢٠) مەترە.

بەم پێیە قوڵی بیرەکە (٣٠) مەترە لە ڕوی زەویەوە تا بنی بیرەکە.

ئاستی ئاوی زەمزەم ٤م لە ڕووی زەویەوە ، سەرچاوەکانی بیری زەمزەم ١٣م لە ڕووی زەویەوە دوورە، لە سەرچاوەکانەوە بۆ بنی بیرەکە ١٧م .

تیرەی بیرەکە دەگۆڕێت بەپێ ی ئاستی قوڵی،کەلە نێوان ١,٥ و ٢,٥م دایە .

ئاوی بیرەکە لە سێ سەرچاوەی سەرەکیەوە دێتە ناو بیرەکەوە:

یەکەم:کە لە لای کەعبەو بەردە ڕەشەکەوە هەڵدەقوڵێت. کە ئەمە سەرچاوە سەرەکیەکەیەتی

دووەم : لە لای شاخی (ابی قوبیس) و (الصفا) وە هەڵدەقوڵێت.

سێیەم: لە لای (المروە)وە هەڵدەقوڵێت و دێتە ناو بیرەکە .

جگە لەم سەرچاوە سەرەکیانە چەند سەرچاوەیەکی بچوکیش هەن ئەمانـــەی ســـەرەوە هـــەموی لـــەم هێڵکاریـــەی خـــوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە .



هێڵکاری ئاسۆیی و ستونی بیری زەم زەم لە ئاستی جیا جیادا



وێنەی ژمارە (١)



السبيل الذي أنشأه الملك عبدالعزيز على يسار الداخل الى بئر زمزم عام 1346 هـ

وێنەی ژمارە (٢)

بەشی چوارەم

ناوەکانی

زەمزەم

﴿ناوەکانی زەمزەم﴾

بێگومان ناوی زەمزم لە ناوە بیسراوەکانە و بە گوێکان ئاشنایە و بۆ دڵەکان شیفایە و بۆ لەش و لاریش هەروایە ، بەڵام زەمزم تەنها ناوی ئەم ئاوە نی یە .

بەهۆی گرنگی وپیرۆزی ئاوەکەوە لەلای خەڵکێکی زۆر و لە مێژویەکی دورو درێژدا چەندەها ناوی کەشی لێنراوە و بۆ دانراوە و پیێ وتراوە .

مێژوو نوسان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە ناسراوترین و بلاْوترین ناو بۆ ئەم ئاوە زەمزمە و هەموو خەڵك ئەو ناوە دەناسن نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بووە بە ناسراوترین و بلاْوترین ناوی ئاولە جیهاندا. بەڵام مێژوو نوسان ڕایان جیاوازە لە سەرئەوەی کە بۆچی ئەم ناوەی لێنراوە واتە هۆکاری ناوەکە .

بۆیە بە پێویستم زانی کە بۆچونی زانایان باس بکەین و بخەینە ڕو لەم بارەیەوە :.

١. مەسعودی دەڵیێ ناونراوە زەمزم چونکە فارس پێیان وایە کە لەنەوەی (ئیسماعیل)ن . لە پێش ئیسلامدا تەوافیان دەکردو ،وەك شوێن پیێ هەڵگرتن و دواکەوتنی ئیبراهیم پێغەمبەر یان بۆ پارێزگاری لە ڕەچەڵەکیان، لەو کاتەدا قسەیان دەکرد بە لووت بە بیێ ئەوەی زمان بەکار بهێنن، بەم مینگە مینگە دەوترێت زەمزەم ، لەبەر ئەوە ناونراوە زەمزەم.

٢. هەندیێ لە مێژوو نوسان پێیان وایە ، ناونراوە زەمزەم چونکە هاجەر بەری گرت و بەربەستێکی بۆ دروست کرد بە خۆڵ ،

کاتێك کە ئاوی هەڵدەهێنجاو دەیکردە کونەکەیەوە ، لە ترسی ئەوەی نەك ئاوەکە بڕوات و ڕۆبچێ .

٣. زمان ناسان وا دەبینن کە : ناونراوە زەمزەم لەبەر زۆری ئاوەکەی چونکە عەرەب بە ئاوی زۆر دەڵێن (ماء زمزم ، زمازم) یان لەبەر ئەوە بووە کە ئاوەکە نە سوێرەو نەشیرینە .

٤. (یاقوت الحموی) وا دەبینێ کە ناونراوە بە زەمزەم چونکە جبریل قسەی لە بارەوە کردووە و لە زەوی داوە تا ئاوەکە دەرکەوت وهەڵقولا.

٥. (ابن هشام) دەڵێ لەبەر زۆری ئاوەکەی و کۆبونەوەی خەڵکی لەسەری ، چونکە عەرەب (الزمزمە) بۆ زۆری و کۆبونەوە بە کاردێنن .

بێگومان زۆری ناوو تایبەتمەندی بۆشتێك گوزارش لە گرینگی و گەورەیی و پڕبایەخی ناونراوەکە دەکات .

زەمزەم پڕ پیرۆزترین ئاوی سەرزەویە سەروەری ئاوەکانە ، باشترینیانە خۆشەویستی گشت ئیمانداارانە خواردنەوەیەکی پاك و پڕ فەڕە ، تایبەتمەندی و باشی زۆری هەیە ، لەبەر ئەمانەیە کە ناوی زۆری لێنراوە ناوەکانیش ئەمانەن:

١. بركة .
٢. برّة .
٣. بُشرى .
٤. حرميّة .
٥. ركضة جبريل (#).
٦. روى .
٧. تكتم
٨. حفيرة عبدالمطلب
٩. الرُّواء
١٠. روي
١١. ريّ
١٢. زمازم
١٣. زمزم
١٤. سابق
١٥. سالمة
١٦. سقايةالحاج
١٧. سقايةالله اسماعيل #
١٨. سيدة
١٩. الشُّباعة
٢٠. شباعة العيال
٢١. شَبعة
٢٢. شراب الابرار
٢٣. شيفاء سُقم
٢٤. صافية
٢٥. طاهرة
٢٦. طعام الابرار
٢٧. طعام طُعم
٢٨. طيّبة
٢٩. ظاهرة
٣٠. ظبيّة
٣١. عاصمة
٣٢. عافية
٣٣. عِصمة
٣٤. عَونة
٣٥. غِياث
٣٦. قرية النمل
٣٧. كافية
٣٨. لا تُنزف و لا تُذَم
٣٩. مأثرة العباس رضي الله عنه
٤٠. مباركة
٤١. مجلية البصر
٤٢. مُروية

٤٣. مضنونة

٤٤. مُعذِبة

٤٥. مغذيه

٤٦. مُفـدَّاة

٤٧. مكتومة

٤٨. مُؤنسة

٤٩. ميمونه

٥٠. نافعة

٥١. نـُقرة الغراب الاعصم

٥٢. هزمة جبريل #

٥٣. همزه جبريل

٥٤. وطأة جبريل

﴿ زەمزەم بووە بە نازناوی پێغەمبەر ﷺ ﴾

هەندێ لە مێژوو نوسان چەند نازناوێکی پێغەمبەریان باس کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ زەمزەم ، لەو ناوانەش : .

١. الزمزمی — واتە زەمزەمی

٢. صاحب الزمزم — واتە خاوەنی زەمزەم

٣. المزمزم — بەهۆی ئەوەی کە دڵی پیرۆزی بە زەمزەم شۆراوە

٤. نبی زمزم — پێغەمبەری زەمزەم

بەشی پێنجەم

شیکردنەوەی
کیمیایی
بۆ ئاوی
زەمزەم

﴿ شیكردنەوەی كیمیایی بۆ ئاوی زەزەم ﴾

پاش ئەنجام دانی شیكردنەوەی كیمیایی بۆ ئاوی زەمزەم لەچەند ساڵێكی جیاوازدا دەركەوت كە : ساڵی ١٣٩٢ھ

جۆری كانزا	ڕێژەی لە ملیۆندا
ا لاس الهایدروجینی	١,٧
كالسیوم	٢٤٤
كلۆرید	٤٩٧
كبریتات	٣٩٩
مغنسیوم	٦٣
بیكربونات	٣٢٩
نیترات	٤٤٣

﴿ ئەنجامی شیكردنەوەی ساڵی ١٩٨٠ ﴾

جۆری كانزا	ڕێژە لە ملیۆندا
الاس الهیدروجینی	٣,٧
كالسیوم	١٣٦
مغنسیوم	٧٧/٨
پۆتاسیۆم	١١٨
صودیوم	٢٥٥
كبریات	٤٠٠
بیكربۆنات	٣٢٩

دكتۆر احمد عبالقادر مهندس هەستاوە بە شیكردنەوەی ئاوی زمزم لە چەند ساڵێكی جیاوازدا ، ئەنجامەكەی بەم جۆرە بووە :

[redacted]

جۆری كانزا	ڕێژە لە ملیۆندا	ڕێژەی ڕێپێدراو لە جیهاندا
الاس الهایدروجینی	٧/٥	٧/٦ ٧/٥
الاملاح الداتیه	١٤٩٩ ١٤٨٥	١٤٨٩ ـ ١٥٠٠
پۆتاسیۆم	١٢ ـ ١٤	١٤
صودیۆم	٣٣٢ ـ ٣٣١	٣٣٣
كلۆراید	٣٦٠ ـ ٣٦٢	٣٥٦ – ٦٠٠
كبریات	٢٩٠ ـ ٢٨٦	٢٨٥ – ٤٠٠
بیكربۆنات	٣٩٠ ـ ٣٩٧	٣٩٣
مگنسیۆم	٥٤ ـ ٥٧	٥٢ – ١٥٠
كالسیۆم	١٠٤ ـ١٠١	١٠١ ٢٠٠

﴿ ئەنجامی ئەم شیكردنەوانە ﴾

١. دكتۆر ((عبدالقادر المهندس)) لە ئەنجامی شیكردنەوەكانەوە دەڵێ بۆم دەركەوت كە ئاوی زەمزەم پاك و بێگەردەو نە ڕەنگی هەیەو نە بۆن ، تامێكی كەمێك سوێری هەیە ، وە نسی هایدرۆجینی ٥,٧ بەمەش تا ڕادەیەك تفتە (قلوی) دەبێ .

٢. بەهۆی چالاكی نیۆترۆنەوە دەركەوت كە زیاتر لە (٣٠) پێكهاتە لە ئاوی زەمزەمدا هەیە ، كە دكتۆر احمد لەگەڵ هاوەڵەكانی لە دەزگای هەواڵگری ولایەتە یەككگرتوەكانی ئەمەریكا پێی هەستاوە ، هەندێكیان كەمتر لە (٠/٠١) لە ملیۆندا.

٣. ئەم شیكردنەوانە دەریان خست كە بەراوردی ئاوی زەمزەم لەگەڵ خشتەی پێوانەییە جیهانیەكان بۆ ئاو بەتایبەت ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی : كە بێگومان ئاوی زەمزەم بەتەواوی شیاوە بۆ

[redacted]

خواردنەوە ، کاریگەری تەندروستی باشە ، هەرچەند ڕێژەی صۆدیۆم بەرزە تێیدا بەلاّم لە خشتەکاندا ڕێژەی کۆتایی بۆ صۆدیۆم دانەنراوە.

هەروەها لێکۆڵینەوە تەندروستیەکان دەریان خستووە کە چوار پێکهاتە ژەهراویەکە کە (قورقوشم و کاومیوم و سیلیمیوم و زەرنیخ)ە ڕێژەیان زۆر کەمترە لەو ئاستەی کە دیاریکراوە بۆ ئاو تا مرۆڤ بە کاری بهێنێ .

٤. ئەنجامی شیکاریەکانی تاقیگەی ((مهله المیاه والصرف با لمنطقه الغربیه))له وولاّتی سعودیه لە ساڵی ١٤٠٠کۆچی بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو :

کانزا	ڕێژە
کالسیۆم	١٩٨
مغنسیۆم	٤٣/٧
کلۆراید	٢٣٥
کبریتات	٢٧٠
ئاسن	٠/١٥
مەنگەنیز	٠/١٥
(نحاس) مس	٠/١٢

لەهەمان کاتدا بەبەکارهێنانی تیشکی ژور وەنەوشەیی بۆ شیکردنەوەی ئاوی زەمزەم دەرکەوت کە :.

ئەم ئاوە خاڵیە لە میکرۆب ، وە هیچ گریمانێك نیە بۆ گۆڕانی تامی یان پیس بوونی بە بەکتریا .

لەئەنجامی شیکردنەوە کیمیاییە جۆربەجۆرەکان وشیکردنەوە بەبەکارهێنانی تیشك و بە بەراورد لەگەڵ مواصەفاتە جیهانیەکاندا بۆ ئاوی پاك و بەکارهاتوو دەرکەوت کە هیچ زیانێکی تەندروستی نی یە ، بەڵکو زۆر سودیشی هەیە .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بەدڵنیایی یەوە کە پێغەمبەر لە خۆیەوە قسەی نەکردووە و موعجیزەی هەبووە خوای گەورەش لە بارەیەوە ئەفەرموێ ((و ما ینطق عن الهوى * ان هو الا وحي یوحى)) [17]

﴿نوێترین شیکردنەوە لە لایەن زانایەکی یابانیەوە﴾

ئاوی زەمزەم هەستی هەیە

زانای یابانی دکتۆر ماسارۆ ئیموتو D.R masaru emoto کە خاوەنی بیردۆزی (البلورات)ە بەرێوەبەری پەیمانگای هاو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی یە لە شاری تۆکیۆی پایتەختی یابان، لە کتێبی نامەیەکی شاراوە لە ئاوەوە The hidden message in waterدەڵێ : بلورەکانی ئاوی زەمزەم دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی ئەندازەیی زۆر جوان لە کاتێکدا کە قورئانی بە سەردا بخوێنی . دەنگ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئاو بە تایبەت ئەگەر دەنگی قورئان بێت ، دەبێتە هۆی گۆڕینی تایبەتمەندیەکانی ئاوەکە .

بۆیە ئەم زانایە دەڵێ بێگومان ئاو پەیامێکی پێیە دەیەوێت پێمان بگەیەنێت ئەویش ئەوەیە کە: ئێمەی مرۆڤ کاریگەری زۆرمان هەیە لەسەر دەوروبەرمان بە چاك یان خراپ .

---

[17] سورة النجم ٣ ـــ ٤

دکتۆر ماسارۆ گەشتە ئەم ئەنجامە پاش ئەوەی کە هەستا بە سارد کردنی دڵۆپەی ئاو تا گۆڕا بۆ دۆخی ڕەقی واتە بوو بە سەهۆڵ وە خستیە ژێر ئامێری زۆر پێشکەوتووەوەو بە کامێرای زۆر پێشکەوتوو (خێراو ورد) وێنەی ئەو گۆڕانکاریانەی دەگرت کە بەسەر (بلورات)ی ئاوە بەستوەکەدا دەهات، ئەم وێنانەی کە لێرەدا هاتووە تابلۆیەکی هونەری نیە کە بە دەستی هونەرمەندێکی لێهاتوو نەخشا بێت لە گەڵ ئەو هەموو جوانی و ڕێکی و وردەکاریەدا بەڵکو ئەمە وێنەی دڵۆپە ئاوێکە لە ئاوی زەمزەم پاش خوێندنی "بسم الله الرحمن الرحیم" بە سەریدا :





ماسارۆ دەڵێت تێبینی ئەوەم کردووە کە ئاو شێوازی ئەندازەیی جۆراو جۆر وەردەگرن کاتێك کە بەر شەپۆلیکی دەنگی دیاریکراو((الذبذبات الصوتية)) دەکەون .

بەڵام ئەم کاریگەریە زۆر زیاترە لەسەر ئاوی زەمزەم کاتێك کە قورئانی بەسەردا دەخوێنرێت شێوازی ئەندازەیی وا وەردەگرن کە جیاوازە لە هەموو ئاوەکانی کە ، ئەگەر بێت و بمانەوێت کێشی ئەم بلوراتانە بزانین ئەوا ملوێنێکیان کێشیان یەك غرامە ، واتە ئەگەر بێت و یەك کیلۆ غرام لە ئاو ببەینە دۆخی بەستنەوە نزیکی هەزار ملیۆن بلورەی وامان دەست دەکەوێت، سبحان الله؟

هەروەها ئەم زانایە دەڵێت ئەگەر بێت و دڵۆپێك لە ئاوی زەمزەم زیاد بکرێت بۆ هەر هەزاردڵۆپ لە ئاوی کە، ئەوا ئەو ئاوە تایبەتمەندی ئاوی زەمزەم وەردەگرێت .

ئەم زانایە دەڵێت لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانەوە چەند هەوڵم دا نەمتوانی تایبەتمەندیەکانی ئاوی زەمزەم بگۆڕم واتە ئاوی زەمزەم خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیە کە لە هیچ ئاوێکی تردا نیەو، ئەم تایبەتمەندیانە جێگیرنون و گۆڕانیان بە سەردا نایەت[18]

---

[18] www.almsheer.com
www.azyya.com
office masaru emoto

بەشی شەشەم

چۆنیەتی
بەکارهێنانی
ئاوی زەمزەم
وەك چارەسەر

﴿ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاوی زەمزەم وەك چارەسەر ﴾

١. بونی باوەڕی تەواو بەوەی کە خوا چارە دەنێرێ و هەر ئەو فریاد ڕەسە ، هەر ئەو خوایە زەمزەمی بۆ کردووی بە دەرمان و چارەسەر .

٢. روکردنە قیبلە لە کاتی خواردنەوەی ئاوی زەمزەم .

٣. بەسێ جار بیخواتەوە و لە نێوانیاندا هەناسە بدات .

٤. پێش هەر سێ جارەکە (بسم الله) بکات .

٥. پاش تەواو بون لە خواردنەوەی ئاوی زەمزەم سوپاسی خوا بکات .

٦. بە دەستی ڕاست بخواتەوە .

٧. ئاوی زەمزەم زۆر بخواتەوە تا تێر ئاو دەبێ و سکی پڕ دەبێ ، ئەمە چەند بارە بکاتەوە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا تا هەست دەکات بە چاك بونەوە ، باشتر وایە کە ئەو کەسە بۆ عەمرە چوبێ یان حەج.

٨. ئاوی زەمزەم بکات بە هەموو گیانیدا و خۆی پێ بشوات .

٩. سونەتە بۆ کەسێ کە ئاوی زەمزەم ئەخواتەوە بڵێ : خوای گەورە هەواڵم پێ گەیشتووە لە پێغەمبەرەکەتەوە کە فەرمویەتی:" ئاوی زەمزەم بۆ هەر شتێ بوخرێتەوە دێتە دی " ئەوەی خواردمەوە بە نیەتی .... لێرەدا نیەتەکەی خۆی بڵێ [19] .

---

[19] مسلم في فضائل الصحابە .

بەشی حەوتەم

خواردنەوەی ئـاوی زەمزەم
لە لایەن هاوەڵانی پێغەمبەرو
زۆرێك لە زانایان
بە نیەتێکی دیاریکراو
و هاتنەدی

﴿خواردنەوەی ئاوی زەمزەم لە لایەن یارانی پێغەمبەر ﷺ و زۆرێك لە زانایان بە نیەتێکی دیاریکراوو هاتنە دی ﴾

زۆرێك لە یارانی پێغەمبەر ﷺ و زانا ناسراوەکانی ئیسلامی ئاوی زەمزەمیان خواردۆتەوە بۆ نیەتێك یان چەند نیەتێکی دیاری کراو داخوازیەکانیان هاتوەتە دی هەندێکیان بۆ مەبەستێکی دنیایی و هەندێکیان بۆ مەبەستی قیامەتی خواردویانەتەوە .

لێرەدا باسی هەندێ لەو بەسەرهاتانە دەکەین :

- **ئیمامی عومەر و خواردنەوەی زەمزەم :**

ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) خەلیفەی دووەمی مسوڵمانان ئاوی زەمزەمی خواردۆتەوە و دوعای کردووە و فەرمویەتی : خوایە دەیخۆمەوە تا لە قیامەتدا تینو نەبم .

- **نیەتی (أبی حنیفه) رحمه الله :-**

ئەم زانا پایەدارە کە خاوەنی یەکێکە لە چوار مەزهەبەکە ئاوی زەمزەمی خواردۆتەوە بەو نیەتەی ببێتە زاناترین کەس لە ناو زانایاندا ، ئەم پیاوە بەڕێزە گەیشتە ئەو پلەیەی کە دەی ویست لە زانستدا .

(البوسنوی) دەڵێ : دەگێڕنەوە لە (ابي حنیفه) کە زەمزەمی خواردۆتەوە تا ببێ بە زاناترین و فەقیە ترین کەس ، نیەتەکەی هاتە دی ئەو پیاوە بوو بە زاناترین کەسی سەردەمەکەی .

- **ئیمامی شافعی و خواردنەوەی زەمزەم :-**

(ابی حجر) دەڵێ : هەواڵی ئیمامی شافعی بڵاو بوو کە ئاوی زەمزەمی خواردۆتەوە بەنیەتی ئەوەی کە دەستی ڕاست بێت ، بۆیە لە نیشان شکێندا لە دە نۆی دەپێکا .

دەگێڕنەوە لە ئیمامی شافعی کە وتویەتی ئاوی زەمزەمم خواردەوە بۆ سێ شت ، بۆ دەست ڕاستی ، تا وام لێهات لە دە نیشانە نۆیانم دەپێکا ، بۆ زانست ئەوە دەم بینن ، وە بۆ چونە بەهەشت ، ئاوات دەخوازم دەستم کەوێت .

- **زانای گەورە (ابن حجر العسقلاني) و زەمزەم :.**

ئەم کەڵە زانایە دەڵێ : جارێك زەمزەمم خواردەوە و لە خوا پاڕامەوە کە بمگەیەنێتە ئاستی زانای گەورە (إمام الذهبي) لە لەبەرکردنی فەرمودەی پێغەمبەر (حەدیث)دا ، ئەوکاتە من لە سەرەتای خوێندن و بە دواداچونی حدیث دا بووم، بەردەوام تا ئەمڕۆ گەشتومەتە ئەم ئاستە ، من داوای ئەوەم کردووە کە پێش (إمام الذهبي) بکەوم داواکارم خوا ئەوەم بۆ بکات .

یەکێك لە قوتابییەکانی (ابن حجر) دەڵێ : . گەشتە ئەو ئاستەی کە دەیویست ، زیاد لە کەسێکیش ئەو شایەتیەی بۆ دەدات ، (الامام القاوي) دەڵێ لە (الشیخ نورالدین ابن الیمن) م بیست کە دەڵێ : لە (ابن حجر)م بیست:دەی ووت ئاوی زەمزەمم خواردەوە بۆ سێ شت:.

١. بگەمە پلەو پایەی ئیمامی زەهەبی ، وا دەبینم کە گەیشتومەتە ئەوە بە زیادەوە .

٢. بگەمە ئەو ئاستەی کە فتوا بدەم و بنوسمەوە وەك زانای گەورە (ناوی زانایەکی هێنا) کە فتوای دەنوسی و بەبێ پیاچونەوە ، خوا گەیاندمیە ئەو ئاستە ، ئەم زانایە خاوەنی کتێبی (عجب الدهر في فتاوی شهر) .

٣. ئاواتی سێیەمی باسی نەکرد ، ئێمەش پرسیارمان لێ نەکردووە .

- **پێشەوا (إبن القيم) و بەکارهێنانی زەمزەم:**

(إبن القيم) دەڵێ: من و خەڵکی کەش زەمزەممان وەك دەرمان تاقی کردۆتەوە، ئەنجامی زۆر سەر سوڕهێنەرمان لێ بینی، چەند نەخۆشیەکم پێ پەڕاندووەو چاك بومەتەوە بە فەرمانی خوا.

دەڵێ ماوەیەك لە مەککە بووم توشی نەخۆشی هاتم ، دکتۆرو دەرمانم دەست نەدەکەوت زەمزەمم بەکار دەهێنا لە جیاتی دەرمان، کەمێك ئاوی زەمزەمم دەرهێناو ئایەتی (إياك نعبد و إياك نستعين) م چەند جارێك بە سەرمدا دەخوێندەوە و دەم خواردەوە، بەمە بە تەواوی چاك بومەوە ، پاش ئەمە بۆ زۆربەی ئێش و ئازارەکانم ئەم ئاوەم بەکار دەهێنا سودێکی یەکجار زۆرم لێ دی.



بەشی هەشتەم

چاکبونەوەی
کۆمەڵەکەسێك
بە ناوی زەمزەم

﴿ چاكبونەوەی كۆمەڵە كەسێك بە ئاوی زەمزەم ﴾

(ليلى) ئافەرەتێكی مەغريبيە ، توشی نەخۆشی شێر پەنجە (سرطان) بوو ، پزيشكەكان دەستەوسان بوون لە چارەسەركردنی ، هيچ ئومێدو هيوايەكی نەما تەنها خوا نەبێت ، كەپێشتر ڕوو لە خوا نەبوو ، لە مەككەو لە (بيت) خوا هيدايەتی داو گەڕايەوە بەم شێوەيە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە (ليلى الحلو) و دەڵێت:

ماوەی نۆ ساڵ بوو توشی نەخۆشی خراپ بووبووم ، نەخۆشی شێر پەنجە (سرطان) ، هەموو خەڵك دەزانیٚ ئەم ناوە ترسناكە زۆر ، لە وڵاتی مەغريب پێی ناڵێن (سرطان) پێی دەڵێن (الغول) يان نەخۆشی خراپ ، توش بووم بەم نەخۆشيە خراپە باوەڕم بە خوا لاواز بوو ، بیٚ ئاگا بووم ، وای بۆ دەچوم كە مرۆڤ بە جوانی و گەنجی و لەشساغ دەمێنێتەوە بە درێژايی ژيانی، هەرگيز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم كە توشی نەخۆشيەكی ترسناكی وەك شێرپەنجە ببم كە توشی بووم زۆر بە توندی ڕای چڵەكاندم بيرم لە ڕاكردن و هەڵهاتن كردەوە ، بەلاّ م بۆ كویٚ ؟ نەخۆشيەكەم لەگەڵمە بۆ هەركویٚ بچم ، بەبيرمدا هات خۆم بكوژم ، بەڵام خۆشەويستی مێردەكەم و مناڵەكانم پەشيمانی كردمەوە ، بيرم لەوە نەكردبۆوە كە خوا سزام ئەدات لەسەر ئاوا كارێك ، چونكە من بیٚ ئاگاو دوور لەخوا بووم ، بەڵام ويستی خوا وابوو كە بمگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێگا ڕاستەكەی بەم نەخۆشيە . بمكا بە مايەيەی ڕێنوێنی و هيدايەت بۆ خەڵكی كەش لەگەڵ توش بوونم بەم نەخۆشيە چووم بۆ لای دوكتۆر هەندێك دەرمانی بۆ نوسيم دەرمانەكانم بەكار هێنا كاريان لیٚ نەكردم ، دڵخۆش بووم بەوەی كە لەوانەيە پزيشكەكان هەڵەبن ونەخۆشی شێرپەنجەم نەبیٚ ، بەڵام پاش نزيكەی شەش مانگ هەستم كرد كە كێشم دائەبەزیٚ ، ڕەنگم

زۆر گۆڕاو هەستم بە ئازار دەکرد بە بەردەوامی ، پزیشکەکەم ئامۆژگاری کردم بەوەی کە بچم بۆ بەلجیکا، بۆیە لەگەڵ مرێردەکەم چووین بۆ ئەوێ، لەوێ بە مێردەکەمیان ووت کە دەبێ مەمکی بېڕین ، دوای ئەوەش دەرمانی کاریگەری بۆ بەکار بهێنین ، کە هەموو موی لەشی هەڵدەوەرێ و ڕیشی لێ دەڕوێ و ددان و نینۆکەکانیشی هەڵدەوەرێ.

بەمە ڕازی نەبووم ووتم با بمرم بە سنگ و بەروك و قژو ئەندامەکانی کەمەوە ، ناتەواو کەمئەندامم مەکەن، هەر لەوێ پزیشکەکان بە هاوسەرەکەمیان ووت نەخۆشیەکە بلاُو بۆتەوە و سیەکانیشی گرتۆتەوە ، ئای لەم بەلاُو نەهامەتیە ، پێیان ووتین چارەمان لا نیە بۆ ئەم حاڵە ، بە مێردەکەمیان ووت بیگێڕەوە بۆ وولاّتی خۆتان تا لەوێ بمرێ .

مێردەکەم داچڵەکا لە جیاتی گەڕانەوە بۆ مەغریب چوین بۆ فەرەنسا . پێمان وابوو کە لەوێ چارەسەر دەکرێم ، لەوێش هەمان شتیان پێ وتین سەرەتا بەمە رازی نەبووم و پەرچم دایەوە، بەلاّم دواتر رام گۆڕا و سور بووین لەسەر ئەوەی کە کەسێ پەیدا بکەین داخلی خەستەخانەم کات تا مەمکەکانم ببڕن و دەرمانی کاریگەرو قورسم بۆ بەکار بهێنن ، بەلاّم مێردەکەم شتێکی بیرکەوتەوە کە لە بیرمان کردبوو بە درێژایی ژیانمان! خوا خستیە دڵی هاوسەرەکەم کەبچین سەردانی (بیت) ی خوا بکەین و ڕوو بکەینە خواو داوای لێ بکەین کە ئەم نارەحەتیەمان لەسەر هەڵگرێ ، وامان کرد هەر لە پاریس قورئانێکم کڕی و بەدەم (الله أكبر)ەوە بەڕێ کەوتین بەرەو ماڵی خوا (مەککەی پیرۆز). زۆر دڵخۆش بووم چونکە یەکەم جارە دەچمە مەککە و کەعبەی پیرۆز دەبینم ، گەشتینە مەککە کاتێ چوینە

(مسجد الحرام) و کەعبەم بینی زۆر گریام چونکە پەشیمان بووم لەوەی کە لە کیسم چوبوو لە خواپەرستی و نوێژ و ملکەچی بۆ خوا ، دەستم بە پاڕانەوە کردو ووتم: پەروەردگارا پزیشکەکان دەسەوسان بوون لە چارەسەرکردنم ، پەنام نیە پەنای تۆنەبێ، چارەم نیە لای تۆ نەبێ.نەخۆشی و چارەکەشی لە تۆوەیەو هەموو دەرگاکانم لێ داخراوە هیچ دەرگایەك شك نابەم تەنها دەرگای تۆ نەبێ لێم دامەخە ، تەوافی (بیت)م دەکردو زۆر دەپاڕامەوە و دەلاڵامەوە کە بێ ئومێدم نەکات و کەنەفتم نەکات پزیشکەکان بێ دەسەلات نەکات بەرامبەر بە نەخۆشیەکەم ، وەك پێشتر باسم کرد بێ ئاگا بووم لە خوا نەزان بووم بە دینەکەی هەر لە مەککە سەردانی زۆرێك لە زانایان و پیاو چاکانم کرد لەوێ ئامۆژگاریان کردم بە خوێندنی قورئان و خواردنەوەی زۆری ئاوی زمزم و نزاو پاڕانەوە و سەلاواتی زۆر لەسەر پێغەمبەر .

هەستم بە ئاسودەیی وئارامیەکی دەرونی کرد لە ماڵی خوادا ، داوام لە مێردەکەم کرد کە مۆڵەتم بدا تا لە پەنای (بیت) دا بمێنمەوە مۆڵەتی دام تا نەگەڕێمەوە بۆ میوانخانە .

لە حەرەمدا هەندێ ئافرەتی میصری و تورکی لە نزیکم بوون ، من زۆر دەگریام و زۆر فرمێسکم هەڵدەڕشت ، هاتن بۆ لام و پرسیاریان لێکردم کە بۆچی ئەوەندە دەگریم ووتم لەبەرئەوەی کە گەشتم بە ماڵ و بەیتی خوا، وام نەئەزانی کە منی ئەوەندە خۆش ئەوێ و هیدایەت ئەدرێم ، ئەمە یەکەم و دووەمیش من توشی نەخۆشی شێرپەنجەبووم ، کەزانیان تەندروستیم وایە بەجێیان نەهێشتم هەواڵمدانێ کە من (ئیعتیکافم) کردووە و بڕیارم داوە شەو ڕۆژ لێرە بم وە نەگەڕێمەوە میوانخانە ئەوانیش هەواڵیان نارد بۆ مێردەکانیان و لەگەڵمدا مانەوە ئێمە نەدەخەوتین ، خواردنمان نەدەخوارد تەنها کەمێك نەبێ ، بەڵام

زەمزەممان زۆر دەخواردەوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی (ئاوی زەمزەم ئەگەر بۆ چارەسەری نەخۆشی خواردتەوە چاك دەبێتەوە ، ئەگەر بۆ برسێتی خواردتەوە تێر دەبی ، ئەگەر بۆ پەنا گرتن بوو بەخوا ئەوا پەنات دەدات خوا برسێتی لەسەر لابردین بە بەردەوامی بەدەوری (بیت) دا دەسوڕاینەوە و (طواف) مان دەکرد و دوو ڕکات نوێژمان دەکرد و دەستمان دەکردەوە بە (طواف) .

ئاوی زەمزەممان دەخواردەوەو قورئانمان زۆر دەخوێند ، بەردەوام بووین بەم جۆرە شەوو ڕۆژ خەومان نەبوو تەنها کەمێك نەبێت .

کاتیێ یەکەم جار گەیشتمە ئێرە لەشم زۆر داهێزرا بوو لە ناو قەدم بۆ سەرەوە پەڵەو لوو دەرکەوتبوو کە نیشانەی ئەوە بوو ، کە نەخۆشیەکە نیوەی سەرەوەی لەشمی بەتەواوی گرتۆتەوە ، ئافرەتەکانی هاوڕێم ئامۆژگاریان دەکردم تا بەشی سەرەوەم بە ئاوی زەمزەم بشۆم بەڵام من دەترسام ، کاتیێ خۆم دەشت نەم دەوێرا دەست بەم لە پەڵەولووەکان نەوەکو بیری نەخۆشیەکەم بکەوێتەوە بێ ئاگام بکات لە خواپەرستی ، خۆم ئەشت بەبێ ئەوەی دەستیان لێ بەم و لێیان بڕوانم .

ڕۆژی پێنجەم هاوەڵەکانم زۆریان لێ کردم کە دەبێ جوان برینەکانم بە ئاوی زەمزەم بشۆم و دەستیان تێ بخەم سەرەتا ڕازی نەبووم ، پاش کەمێك کەوتە دڵمەوە کە جوان بە دەستم و بە ئاوی زەمزەم لەشم بشۆم ، بەڵام یەکەم جار ترسێك دای گرتم ، دوای ئەوە وورەم هاتەوە بەر کە خۆم بشۆم، پاشان دوودڵ بوومەوە بۆ جاری سێیەم هێزێك هاتە دڵمەوە دەستم کرد بە شۆردنی برینەکانم بەدەست، کە

بەشی سەرەوەی لەشم هەمووی پەڵەو لوو کێم و جەراعەت و خوێن بوو ، ئەوەی ڕووی دا زۆر سەیر بوو!

لە کاتی خۆشتندا هەموو برین و خوێن و پەڵەکان لەگەڵ دەستم لێ بونەوە و ڕۆشتن و نەمان بەبێ ئازار .

سەرەتا زۆر سەراسیمە بووم ، جوان بە لەشمدا ڕوانیم و گەڕام شوێنەواری نەخۆشی نەما ، گیانم کەوتە لەرزین ، لەویا بیرم کەوتەوە کە خوا دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ بانگی یەکێ لە هاوڕێکانم کرد کە دەست بات لە برین و پەڵەکانم هەموویان کۆبونەوە کە دیان شوێنەواری نەخۆشی نەماوە هەموویان بە یەك دەنگ (الله اکبر)یان دەکرد.

بەمخۆشیەوە بە ڕاکردن گەڕامەوە بەرەومیوانخانە، لە خۆشیان خەریك بوو باڵم دەگرتەوە، بە گەشتنەوەم بۆ ژورەکەمان شوێنی برینەکانم پیشان هاوسەرەکەم داو بە دەم گریانەوە پێم وت سەیری شوێنی برینەکانم بکە،سەیری بەزەیی و سۆزومیهرەبانی خوا بکە ،ئەوەی ڕویدا بۆم گێڕایەوە ئەویش دەستی بە گریان کردو بە دەم گریانەوە هاواری دەکردو دەیوت: دەزانی پزیشکەکان سوێندیان لەسەر مردنت دەخوارد لە ماوەی سێ حەفتەدا، پێم ووت: مردن بە دەستی خوای گەورەیە.

حەفتەیەکی تەواو لە ماڵی خوا مامەوە سوپاس و ستایشی خوام دەکرد لەسەر نیعمەتەکانی کە لە ژمارە نایەن ، دوای ئەوە سەردانی مزگەوتی پێغەمبەرمان کرد لەوێشەوە گەڕاینەوە بۆ فەرەنسا .

لەوێ زانایان و پزیشکەکان سەرسام بوون لە تەندروستیم هەر خەریك بوو تێك دەچوون ، پرسیاریان لێ دەکردم تۆ فلانە کەسی؟ پێم ئەوتن: بەڵێ بە شانازیەوە ئەوم و مێردەکەشم فلانە ، گەڕاومەتەوە بۆ

لای خوا، وام لێهاتوە لە هیچ ناترسم تەنها لە خوا نەبیٚ قەزا قەزای خوایەو فەرمان هەر هی ئەوە .

پێیان وتم بارو دۆخت زۆر سەیرە ، لوەکانت نەماوە دەبیٚ پشکنینت بۆ بکەینەوە .

پشکنینیان بۆ کردمەوە هیچیان نەدۆزیەوە. ئەمە لە کاتێکدا پێشتر هەناسەم سوار بوو لەبەر لووەکان ، بەلاّم کاتیٚ گەیشتمە کەعبەو نزام کردو پاڕامەوە ئەوەم لە کۆڵ بوەوە وهەناسەم ئاسایی بوەوە .

دوای ئەوە بەدوای ژیانی پێغەمبەرو یاراندا دەگەڕام و دەگریام، دەگریام بۆ ئەو کاتانەی کە بەبیٚ خۆشەویستی خواو پێغەمبەر ﷺ بەسەرم برد بۆ ئەو ڕۆژانەی کە لەخوا بەدوور بوم ، داوا دەکەم لەخوا لێم قبولٚ بکات و لە خۆم و مێردەکەم و هەموو مسوڵمانان خۆش ببێت .

﴿چاکبونەوەی نەخۆشی چاو بە ئاوی زەمزەم﴾

ئافرەتێك بە ناوی (يسريه عبدالرحمن طران) دەڵیٚ : چەند ساڵێك بوو چاوی چەپم توشی نەخۆشی (القرمزيه) بوو، لە گەڵیدا لایەکی سەرم شەو ڕۆژ بە بەردەوامی دەیەشاو ژانی دەکرد، تەنانەت دەرمانی ئازار شکێن ئازارەکەی نەدەشکاندم .

وام لێهات چاوە توشبووەکەم وردە وردە خەریك بوو تروسکایی تێدا نەدەما بەهۆی ئەو تانە سپیەوە کە لەسەری دروست بوو بوو....

سەردانی یەکێك لە گەورە پزیشکەکانی چاوم کرد پێی وتم: ئەو سەر ئێشەیەی تۆ لا ناچێت ، تەنها ئەوە نەبێت کە دەرزیەك بەین لە چاوت و لە کاری بخەین بۆ یەکجاری .

یەسریە بەم هەواڵە ناخۆشە زۆر ترسا و ناڕەحەت بوو!

بەڵام دڵنیابوو لە سۆزو بەزەیی خواو لەوەی کە هۆکاری چاك بوونەوەی بۆ فەراهەم دەکات هەرچەندە پزیشك و زانستی پزیشکی سوور بوون لەسەر ئەوەی کە هیچ ئومێدێکی نیە...

یەسریە خان دەڵێ:بیرم کردەوە لەوەی کە عەمرەیەك بکەم،بۆ ئەوەی داوای چارەسەر بکەم لە خواو لە ماڵەکەیداو لە پەنای بەیتدا .

هەرواشم کرد، چووم بۆ مەککەو دەستم کرد بە تەواف بە دەوری بەیتدا ئەو کاتە ژمارەی تەواف کەران کەم بوو ئەمەش ڕێگای بۆ خۆش کردم تا بەردە ڕەشەکە (حجر الاسود) ماچ بکەم و چاوە نەخۆشەکەمی پێوە بنوسێنم.

دوای ئەوە ڕوم کردە ئاوی زەمزەم و کوپێکم پڕکردو چاوە نەخۆشەکەم پێ شت... دوا بەدوای ئەوە دەستم کردەوە بە تەواف کاتێ تەواو بووم گەڕامەوە بۆ میوانخانە هەستم کرد چاوم تەواو چاك بووەتەوە، کاتێ جوان وورد بوومەوەو لێم ڕوانی نەخۆشیەکەو شوێنەوارەکانیشی نەماوە.

چۆن ئەو تانە لاچوو بەبێ نەشتەرگەری ؟!

چۆن چاوێکی نەخۆش چاك دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بارو دۆخی ئاسایی خۆی بەبێ دەرمان؟

کاتێ پزیشکەکەی خوشکە (بەسریە) بەم ڕوداوەی زانی و پێی وترا خۆی پێ ڕانەگیرا و هاواری دەکرد "الله اکبر" ! ئەم نەخۆشە کە زانستی پزیشکی دەستەوسان بوو لە چارەکردنی ، خوای گەورە خۆی چاکی کردەوە.لە خەستەخانە ئیلاهیەکەیدا . کە لە بارەیەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (ماء زمزم لما شرب له، ان شربته مستشفی

شفاك الله، و إن شربته لشبعك اشبعك الله ، إن شربته لقطع ظمئك قطعه الله، و هي هزمه جبرائيل و سقيا الله اسماعيل)[20]

﴿چاکبوونەوەی منداڵێك بە ئاوی زەمزەم﴾

دۆست و هاوڕێیەکم کە ماڵی لە وولآتی سوریایەو لە شاری (دیمەشق)ی پایتەختی ئەو وولآتە نیشتەجێیە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە بۆی باس کردم و ووتی: کە یەکێك لە منالەکانم کە هێشتا ساوابوو نەخۆش بوو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازی و کزی دەڕۆیشت کاتێك سەردانی پزیشکمان کردوو پشکنینی پێویستیان بۆ کرد پێی ووتین کە منداڵەکەمان مەمیلەکانی ڕیخۆڵەی گیراون و بە هیچ جۆرێك توانای مژینی خۆراکیان نیەو ئەم نەخۆشیەش چارەسەری نیەو زانستی پزیشکی هیچی پێ نیە بۆ ئەم توشبووانە.چونکە مەمیلەکان کونی ووردی زۆریان لەسەرە کە بە مەلایین دەبن ئەم منداڵە مەمیلەکانی داخراون و کونیان تیا نیە، لەبەرئەوە هیچ خۆتان پێوەی ماندوو مەکەن و بیدەنە دەست خوا.

ئێمە واتە من و خێزانم بەم هەواڵە ناسۆرو ئێش و ژان چووە دڵمانەوەو خەفەت و بێدەنگی باڵی کێشا بە سەرمانداو بەرەو ماڵەوە کەوتینە ڕێ بەبێ ئەوەی کەسمان قسە بکات .

پاش گەشتنەوەمان بە ماڵەوەو وەرگرتنی پشویەك زۆر بیرم دەکردەوە کە چی بکەم بۆ جگەرگۆشەکەم .

ڕۆژان تێدەپەڕی و منداڵەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازترو بێ هێزتر دەبوو تا ڕۆژێك بڕیارم دا کە ڕوو بکەمە شاری مەککەی پیرۆزو پەنا بەرم بۆ خوای تاك و تەنهاو لێی بپاڕێمەوەو بلاڵێمەوە تا بەڵکو

[20] رواه الدار القطني

چارەسەرێکمان بۆ بنێریٚ . ئەم بۆچونەم بە خێزانم ووت و ئەویش زۆر بە دڵی بوو.لە دوای ماوەیەك منداڵەکەمان هەڵگرت و ڕومان کردە ماڵی خواو کەعبەی مسوڵمانان لەویٚ ئێمە تەوافمان دەکردوو دەپاڕاینەوەو دەلاڵاینەوە وەك هەر دایك و باوکێکی جگەر هەڵقرچاو منداڵەکەش ئاوی زەمزەممان کردبووە خواردنی سەرەکی پاش چەند ڕۆژێك هەستمان بە بەرەو باشی چونی منداڵەکەمان دەکرد ئیتر ئێمە بەردەوام بووین لە خواپەرستی و نوێژو تەوافی خۆمان تا (عەمرە)کەمان تەواو کرد بەڕونی چاکبونەوە بە منداڵەکەمانەوە دیاربوو چونکە ئەو بیٚ هێزی و لاوازیەی جارانی نەمابوو تۆزێك بە خۆیدا هاتبووەو ڕومەتەکانی گەشابونەوە ئێمەش بەمە دڵخۆش دەبوین و دەگەشاینەوەو سوپاس و ستایشی پەروەردگارمان دەکرد.

پاش ماوەیەك لە گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە و باشبونی منداڵەکەمان بە ڕەنگ و ڕواڵەت منداڵەکەمان هەڵگرت و چوین بۆ لای هەمان دکتۆری پێشتر و کە بینی منداڵەکەمان بەو جۆرەیە پرسیاری لێکردین لەو بارەیەوەو ئێمەش بەسەرهاتەکەمان بۆ گێڕایەوە ئەویش پشکنینی پێویستی بۆ ئەنجامداو پێی ووتین بەڕاستی سەیرەو موعجیزەیە کە ئەم منداڵە ئاوا چاك بۆتەوە .

خۆم و خێزانم پێمان وت دکتۆر ئێمە دڵنیاین کە خوای گەورە لای ڕەحمەتی لیٚ کردوینەتەوە و چارەسەری بۆ منداڵەکەمان ناردووەو ئاوی زەمزەمیشی بۆ کردوین بە هۆکار .

﴿بەسەرهاتی قوتابیەك لەگەڵ ئاوی زەمزم﴾

قوتابیەکی زانکۆ کە حەز ناکات ناوی بنوسریٚ دەڵیٚ: ساڵی یەکەمی زانکۆ بووم لە وانەی (الاقتصاد)دا زۆر خراپ بووم هەر وەك زۆربەی قوتابیەکان لەم وانەیەدا خراپ بووم بە جۆرێك کە تەنها چەند

کەسێکیان لە تاقیکردنەوەی مانگی یەکەمدا دەرچووبوون، منیش تەنها چوارنمرەم هێنابوو لە دە نمرە، ئەمە بۆ من شتێکی زۆر ناخۆش بوو ئێش و ترسی بردە دڵمەوە، پاش چەند ڕۆژێك ئاوی زەمزەمم خواردەوە بە نیەتی تێگەیشتن و باش بوون لەم وانەیەدا دەستم کرد بە خوێندنەوە و کۆشش کردن، سەرەتا هەستم کرد کە باشتر لە جاران لێی تێ دەگەم و حەزیشم بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئەم وانەیە زۆر بووە، کاتێك تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ نزیك بویەوە بە باشی خۆم ئامادە کردوو چوومە تاقیکردنەوەوە، پاش ماوەیەك ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ دەرچوو بە ترس و دڵە ڕاوکێیەکەوە چووم بەرەو ئەو شوێنەی کە نمرەکانی لێ هەڵواسراوە کاتێك لە نمرەکانم وردبوومەوە توشی سەرسامی بووم بەوەی کە یەکەم نمرەم هێنابوو لەم وانەیەدا، یەکەم کارێك کە کردم چووم سوجدەی شوکرم برد، پاش ئەوە بوو بە خولیام چۆن ئاوی زەمزەم گەیاندمی بەم ئاستە، ڕاستە کۆششی زۆرم کرد، بەڵام زەمزەم خۆی کاریگەری هەبوو لە وەی کە من دەستم بە کۆشش کردو لە وانەکەش تێ دەگەیشتم و بیرکەوتنەوەی بابەتەکەش لە کاتی تاقیکردنەوەدا، بەڵام هەرچیم دەکردو دەکۆشام کە ناخ و دڵ و دەرونم بەم کارو ئەنجامە دامەزرێت و گومانم نەمێنێ و بگەمە دڵنیایی، بەڵام نەگەشتم بەوەی دەمویست!

بۆیە هەر لەویا بڕیارم دا بۆ جارێکی کەش ئەم کارە تاقی بکەمەوەو ئاوی زەمزەم بخۆمەوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.

هەر لەبەر ئەمە ساڵی داهاتوو کە ساڵی دووەمم بوو لە کۆلێژ ئاوی زەمزەمم پەیدا کردوو خواردمەوە بە نیێتێك کە زیاتر بوو لەوەی ساڵی ڕابردوو، لە کاتی خواردنەوەکەیدا نیەتی یەکەمیم هێنا و زۆر پاڕامەوە لە خوای گەورە کە توانای خوێندنەوەو تێگەیشتنم بداتێ و

[redacted]

بوارم بۆ بڕەخسێنیٚ بۆ یەکەمی، هەر لە دوای پاڕانەوەکە حەزم بە کۆشش و خوێندنەوە زیادی کرد بە جۆرێك ئەو بەشەش لە وانەکان کە داخڵ نیە بۆ تاقیکردنەوە دەم خوێندەوەو لێی وورد دەبومەوە، تا کاتی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ بەم جۆرە بردمە سەر، ئەمە لە کاتێکدا کە جگە لە خوێندن ئیش و کاری زۆری کەم هەبوو زۆربەی کاتەکان بەدەم ڕێگاوەو لەناو سەیارەدا دەمخوێندەوە.

نیوەی ساڵ چوومە تاقیکردنەوەکانەوە هەستم دەکرد بەوەی کە هەرچیم خوێندوە لەبیرمەو هیچم لە بیر ناچێت تەنانەت ئەو بابەتانەش کە بۆ جارێك خوێندبومەوە.

تاقیکردنەوەکان کۆتایی هات و دوای پشوی نیوەی ساڵ گەڕانەوەمان بۆ زانکۆ کۆمەڵێك قوتابی کە هاوڕیٚ بووین بە یەکەوە چوین بۆ وەرگتنی ئەنجامەکان، لە ڕێگادا هاوڕێیەکمان باسی ئەوەی دەکرد کە زۆربەی کات خەریکی خوێندنەوە بووەو نەچۆتە دەر لە ماڵ و چەند جارێکیش میوانی ڕانەگرتووە بە بیانوی خوێندن، بە ڕاشکاوی باسی لەوە دەکرد کە یەکەم دەبێت و کەس بەو ناگات، منیش بەمە زیاتر توشی دڵەڕاوکیٚ دەبوم و دەترسام وەك هەر قوتابیەکی تر .

تا نزیك بوینەوە لە شوێنی هەڵواسینی نمرەکان ئیتر کەس کەسی لە بیر نەما لە ترسی خۆی ، هەرکەسەو بە خێرایی و بە تەنها خۆی کرد بە قەرەباڵغی و ئاپۆرای قوتابیاندا لە دەوری نمرە هەڵواسراوەکان، هەرچۆنێك بوو خۆم نزیك کردەوە لە دیوارەکەو وورد بوومەوە لە نمرەکانم بینیم نمرەکانم باشن بەمە تۆزێك هاتمەوە سەرخۆم ترسی کەوتن و نمرەکەمیم نەما.

پاشان کەوتمە بەراوردی نمرەکانی خۆم و قوتابیەکانی هاوپۆلم بینیم لە هەمویان زیاترم هێناوە، باوەڕم بە خۆم نەکرد چەند جارێك

ئەم بەراوردەم کردەوە بینیم هەروایەو یەکەمم لە بەشەکەی خۆمدا و لە سەر ئاستی بەیانیان و ئێوارانیش .

پاشان بەشەرم و شڵەژاویەکەوە بەبێ دەنگی قەرەباڵغیەکەم بەجێ هێشت و چوومە پەنایەکەوە تا ماوەیەك دوای ئەوە گەڕامەوە لای هاوڕێکانم و بەبێ دەنگی بێ ئەوەی کەس باسی نمرەو ئەنجامەکان بکات گەڕاینەوە لە زانکۆ، لە ناخمدا خۆشی و شەرم و دڵەڕاوکێ دایگرتبووم ئەمویست کەس هیچم پێ نەڵێ و باسی نمرەش نەکرێ لەبەرئەوە هەر

باسم ئەهێناوە بەر باس لە پڕێکدا یەکێك لە هاوڕێکانمان کە لە هەمووومان تەمەنی زیاتر بوو وتی فلأنەکەس هەروا بەبێ دەنگی یەکەمت هێناو هیچیشت بۆ نەکرین منیش وتم هەرچیتان دەوێ لە خزمەتتاندام ئیتر کۆتایی بە دڵە ڕاوکێکەم هات .

تەواوی ئەم ماوەیە ئەوەندە فرسەتم نەبوو کە بیر لە نمرەکان و هۆکارەکەی بکەمەوە .

دوای ئەم قسانە دەستم کرد بە بیرکردنەوە لە ئاوی زەمزەم و کاریگەری لە سەرم، بیرم کردەوە لەوەی کە لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندنمدا بۆ تەنها جارێکیش یەکەم و دووەم نەبوم .

ئیتر هیچ گومان و دودڵیەکم نەما و گەشتمە دڵنیایی کە ئاوی زەمزەم زۆر کاریگەرە لە نەخشەی ژیانی مرۆڤەکاندا .

بابەت   لاپەرە

١. پێشکەش.. ٥

٢. پێشەکی.. ٧

٣. کۆچ لەبەر خوا.................................. ١٣

٤. وونبون و ڕۆچونی زەمزەم........................ ١٩

٥. دۆزینەوەی بیری زەمزەم.......................... ٢٢

٦. تایبەت مەندیەکانی ئاوی زەمزەم.................. ٣١

٧. شوێن و هێڵکاری بیری زەمزەم ٤٧

٨. ئاوەکانی زەمزەم ٥٥

٩. زەمزەم بووە بە نازناوی پێغەمبەرﷺ.................. ٥٨

١٠. شیکردنەوەی کیمیایی بۆ ئاوی زەمزەم ٦٣

١١. نوێترین شیکردنەوە لەلایەن زانایەکی یابانیەوە......... ٦٦

١٢. چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاوی زەمزەم وەك چارەسەر.... ٧٥

١٣. خواردنەوەی ئاوی زەمزەم لە لایەن یارانی پێغەمبەرو زۆرێك لە زانایان بە نیەتێکی دیاریکراو و هاتنەدی.......... ٨١

١٤. چاکبونەوەی کۆمەڵە کەسێك بەئاوی زەمزەم............ ٨٩

سەرچاوە

١. فضل ماء الزمزم .

٢. البداية و النهاية.

٣. الكامل في تاريخ.

٤. قصص الانبياء (ابن كثير).

٥. قصص القرانى (صلاح خالدي) .

٦. قصص الانبياء (شعراوي) .

٧. فتح الباري.

٨. صحيح المسلم.

٩. الطب النبوي .

١٠. السيرة النبوية (إبن هشام).

١١. صحيح قصص الانبياء .

١٢. البلد الحرام فضائل والاحكام .

١٣. زاد الميعاد .

١٤. بت شكێن .

١٥. تەفسیری ڕامان .

١٦. تەفسیری ئاسان .

١٧. زمزم بين عجائب التاريخ و المكتشفات العلم .

١٨. الطب النبوي و شفاء السرطان بالقرآن و الماء الزمزم.

١٩. معجزات الاستشفاء بالغذاء .

٢٠. www.aimsheer.com

٢١. www.azyya.com

٢٢. office.masaru.emoto

٢٣. www.torunborg.com